حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٢٩٤)

ڕێزمانی کوردی

# زاری کەڵهوڕی

دانانی
نیعمەت عەلی سایە

سلێمانی
٢٠٠٤

**ڕێزمانی کوردی زاری کەڵهوڕی**

دانانی: نیعمەت عەلی سایە

بابەت: ڕێزمان

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح فەتاح

بەرگ : دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی شڤان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٧٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

www.roshnbiri . org

# پێشەکی

زمانی کوردی لە سەدەی بیستەمەوەو،بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بە چەرخێکی تازەداو بە گۆڕانێکی گەورەدا دەڕوا، ئەویش خۆی دەنوێنێت لە گەشەکردن و پەرەسەندندا لە گشت ڕوویەکی زمانەوە، واتە گۆڕان لە واتاو بەکارهێنانی وشە و موفرەدات و دەربڕین و داتاشینی وشەو زاراوەی تازە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر، هەروەها لە ڕووی شێوەی نوسینەوە. جا زمانەوان و بایەخدەران،هەریەکە بە گوێرەی توانای خۆی دەستییان داوەتە قەڵەم و دەستیان کردووەتە وێنە کێشان و ڕازاندنەوەی زمانەکەیان بە ڕێڕەوێکی زانستیانە وبە هەست و خواستێکی نیشتمانپەروەرانە، بەمەبەستی پاراستن و پێشخستنی زمانەکەمان وگەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەم کارە پیرۆزە،ئەرکی سەرشانی هەمووانە و هەرگیز بەرناگرێت بەبێ بەشداربوون ویارمەتیدان لە گشت لایەکەوە و لە گشت زارە جیاجیاکانی کوردییەوە کە هەر یەکە جۆگەیەکەو دەڕژێنە ڕووباری زمانەکەوە، ئەمەش وەك بانگەوازێك بوو، بۆ بەشداریکردن لەم کارە پیرۆزەدا.

منیش بۆ بەشداریکردن لەم ئەرکە پیرۆزەدا و بۆ ئەوەی گلەیی هیچ کەسێك وهیچ لایەك و هیچ زارێك نەیەتە سەرمان و سەر زارەکەمان _ زاری کەڵهوڕی_ وبەپێی توانام،دەستمکرد بە نوسینەوەی بنەمای زارەکەمان کە بەلای منەوە وشە ( فەرهەنگ) وڕێزمان وزاراوەو ئیدیۆم دەگرێتەوە، سەبارەت بەبەشی یەکەم، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٨ دا،فەرهەنگی (گەوهەری گەرمەسێر) لە چاپ دراو، ئێستاش ڕێزمانەکەم نوسیوەتەوە و چاوەڕوانی لە چاپدانەو بەشی زاراوەو ئیدیۆم، بە پەنای خودا، لە داهاتوویەکی نزیکدا تەواو دەبێت.

بەکورتی، ئەم توێژینەوە ڕێزمانییە، لە چوار بەندی سەرەکی پێکهاتووە :بەشەکانی ئاخاوتن، دەنگسازی، وشەسازی، ورستەسازی کە سەرپاکی ڕێزمان دەگرێتەوە .

هیوادارم ئەم هەوڵ و تەقەلایەم کەلێنێکی پڕکردبێتەوە و توانیبێتی بەشدارییەك بکا لە بەرەوپێش بردنی زمانەکەماندا.

سوپاس

# کورتە دوانێك دەربارەی زمانی کوردی و زاری کەڵهوری:

زمانی کوردی ــــ وەك زماناسی سەلماندوویەتی ــــ یەکێکە لە زمانەکانی ئێرانی بەگشتی و زمانێکی ئێرانی ڕۆژئاوایی نوێیە،بەتایبەتی و پێکهاتووە لە چەند زارێکی سەرەکی و لە هەر زارێك چەند وەچەزارێکی لێدەبێتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە زمانی کوردی، زمانێکی سەربەخۆیەو ئەو تیورییانە پووچەڵ دەکاتەوە کە زمانی کوردی بە وەچەزارێکی فارسی دادەنێن .

وەك دیاردەیەکی ئاشکراو ڕوون و وەك ڕاستییەکی گومان لێنەکراو، هەموو شتێك لە گۆڕاندایە،جا زمانیش کە گەورەترین کەرەستەی ژیانی ڕۆژانەی ئادەمیزادە،دەگۆڕێت بە پێی ئەو فاکتەرە جۆراوجۆرانەی کە کاردەکەنە سەر کەرەستە جیاجیاکان، ئەمەیش ڕاستی پەیدابوونی زاری جیاجیا لە زمانێك دەچەسپێنێت.

بەلای منەوە، هۆی پەیدابوونی زار،لە هەر زمانێکدا بێت،ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بارو دۆخی ڕامیاری، واتە ژێردەستەیی، گەورەترین فاکتەرە لەم مەیدانەدا. ئەو نەتەوانەی کە سەربەخۆن دەرفەتی پەیدابوونی زار لە زمانەکانیاندا کەمترە، تا ئەوانەی ژێردەستەن .

دووەم: دابەشبوونی نەتەوەیەك بۆ چەند ناوچەی جوغرافی لەیەکدابڕاو و بوونە ژێردەستەی چەند نەتەوەیەکی جیاواز.

سێیەم: نەبوونی دەرفەتی فێربوون و فێرکردن و خوێندن و نوسین بە زمانی زگماك و ناچاربوون بۆ فێربوونی زمانێکی بێگانە .

چوارەم : بڵاوبوونی میللەتێك بەسەر نیشتمانێکی پان و بەریندا و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ناوچە جیاوازەکانیدا کە ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی پەیدابوونی وشە و دەربڕینی نوێ و جیاواز لە ناوچەیەك تا ناوچەیەکی تر .

پێنجەم : کارتێکردنی زمانێکی دراوسێ، بە هەرچۆنێك بێت،لەسەر بەشێك لەسەر زمانێکی تری نزیکی خۆی .

شەشەم : جیاوازی ئایینی و مەزهەبی لە بەینی میللەتێکدا کە زۆر جار بووەتە هۆی قەومانی جەنگ لە بەینی خۆیانداو ئەنجامیش لەیەك دابڕانە .

بەم جۆرە جیاوازییە لە پلەی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر پەیدا دەبێت ودەبێتە هۆی جیاوازی لە بەکارهێنانی زمان کە

ئەنجامەکەی پەیدابوونی زاری جیاجیایە .خۆ ئەگەر سەیری بارودۆخی میللەتی کورد بکەین دەبینین لەمە زیاتری چەشتووە .

**زارەکانی زمانی کوردی:** بە ڕای من زارەکانی زمانی کوردی، بەپێی ڕووالەتی زمان دەبنە چوار شێوەزاری سەرەکی :

یەکەم :کوردیی ڕۆژئاوایی: کوردی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و تورکیا و سوریەو بادینانی عێراق تا دەگاتە گۆمی ورمێ قسەی پێدەکەن .لەم شێوەزارە چەند وەچە زارێك دەبێتەوە.

دووەم : کوردیی ڕۆژهەلات : کوردی ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلە و باکووری چیای( حەمرین ) و سیروان تا دەگاتە سنە لە ئێران ولەورەوە بەرەو باکوور تا باشووری شاری ورمێ پێ دەئاخاوێن و لە چەند وەچەزارێك پێکهاتووە .

سێیەم : کوردیی گۆران : کوردی باشووری کوردی ڕۆژهەلاتی تا ڕێگای کرماشان ___ خانەقی و جگە لە هەندێ ناوچەی تر قسەی پێدەکەن و لە چەند وەچەزار پێکهاتووە .

چوارەم : کوردیی باشووری :کوردی باشووری کوردیی گۆران، واتە لە کرماشان تا عێراق بە ڕێگای کرماشان ___ خانەقی و تا دەگاتە سنووری لوڕستانی گەورە و لە کستان لە چەند ناوچەیەکی تر قسەی پێدەکەن و لەم وەچەزارانە پێکهاتووە :

١. کولیایی
٢. کرماشانی
٣. فەیلی
٤. کەلهوڕی

**زاری کەلهوڕی :** زاری کەلهوڕی، نەك هەر تیرەی کەلهوڕ قسەی پێدەکەن، بەلکو گشت ئەو هۆزە کوردانە قسەی پێدەکەن کە لە نێوان کرماشان وشارەباندا، بە ڕێگای کرماشان – خانەقی، تا سنووری وەچەزاری فەیلی و لەکستان دەژێن،جگە لە خێلی سنجاوی.

**زاری کەلهوڕی و شێوە زارەکانی تر :** ئەگەر بێین و بەراوردی زاری کەلهوڕی لەگەلْ زارەکانی تری کوردییدا بکەین، دەبینین زاری کەلهوڕی، بە پێی ڕوالەتی زمان، واتە دەنگسازی، وشە سازی و ڕستە سازی،نزیکترین زارە لە شێوەزاری کوردیی ڕۆژهەلاتی کە ناوەڕۆکی شێوەزاری زمانی یەکگرتووی کوردییە و دەتوانین بە یەکێك لە وەچەزارەکانی کوردیی ڕۆژهەلاتی بژمێرین .

بەرهەمی ئەدەبیی زاری کەڵهوڕی،خۆی دەنوێنێت لەو خەرمانە کەلەپوورە هەمەڕەنگ و هەمەچەشن و هەمە مەبەستە لە شیعری لاواندنەوەو دڵداری و داستان و مەتەڵ و چیرۆکی ئاینی و پەروەردەیی و کۆمەلأیەتی و پەند و زاراوەو دەربڕین و قسەی نەستەق کە لە پەرتووکی هەست و خواست و ویژدانی ئەم هۆزە کوردەدا تۆمارکراوەو پارێزراوە و کانییەکی ڕوون و پڕئاوە،بۆ باخچەی زمان و ئەدەب، جگە لەو بەرهەمی فۆلکلۆرییە،بە سەدان نووسەرو شاعیری هاوچەرخ،لەم هۆزە هەڵکەوتووەو جوانترین شیعریان بەم زارە هۆنیوەتەوە، وەك سەی یاقوو و شاکە و خان مەنسوور وساڵح کرماشانی و چەندانی تر .وەك ڕاستییەکی گومان لێنەکراو، تۆمار کردنی کەلەپووری فۆلکلۆری ئەم زارە، وەك زارە جیاجیاکانی تری کوردی، خزمەتێکی پیرۆزە بە زمانی یەکگرتووی کوردی کە هیوای پیرۆزو ڕەوای هەمووانە .

## ڕێزمانی زارەکان و زمانی یەکگرتووی کوردی

چۆن دانان و ڕێکخستنی فەرهەنگی زارە جیاجیاکان، بۆ پێکهاتن و سازبوونی زمانێکی یەکگرتووی پاراوو ڕەسەن،دەورێکی بالأ دەبینێت، بەهەمان چەشن،نووسینەوەی ڕێزمانیی زارەکانیش لایەنێکی دی کاریگەرو چالاکی وەدیهێنانی ئەو ئەرك و پرۆسەیەیە، چونکە ڕێزمان یاسای چنینی ئەو وشە و دەربڕینانەیە، لە زنجیرەی چنراوی زمان. زمان هەر وشەو دەربڕینی جیاجیا نییە، بەڵکو "خشت و دیوار چنینە" . لەمەیش گرنگتر،خۆ ئەگەر بزانین چۆن ئەو وشەو دەربڕینانە بەکارهاتوون، ئەوسا دەتوانین ئەندازەی قەلأی بڵندی زمانەکەمان بکێشین و قایم وپتەوی بکەین وبیرازێنینەوەو بیپارێزین .منیش بەو نیازەوە خۆم هاویشتە " دەریای کەڵهوڕ " ونۆبەرەی ڕاوەکەم " گەوهەری گەرمەسێر" و ئەم " تەونی گەرمەسێر"ەیە کە ئومێدەوارم دوو گەوهەر بن، لەسەر شاخەکانی کەڵهوڕو بدرەوشێنەوەو ڕێگاوبان و گوزەری شاردراوە و نەناسراو بۆ نەشارەزایان ڕۆشن بکەنەوە، تا ئەڤ و ئەو بەگشت دڵنیاییەکەوە و بەبێ سێ ودوو بە هەوارگەی "فەرهاد" و"سەی یاقوو" و "داود خان" دا گەشت بکەن ولە خەلأت و بەراتی بێبنی باخی دێرینی باوك و باپیریان بێبەش نەبن وباخی گشتیمان بە گوڵی هەمە چەشنەدا و ڕەنگاورەنگ برازێننەوە.

هیوادارم،كه ئەم كاره بەدڵی هەمووان بێت و كەلێنێ لە دیواری قەڵاّیهاوبەشمان بگرێت و داواكارم لە گشت برادەران كەم و كووڕی ئەم كاره بدۆزنەوەو بیخەنە ڕوو، تاكو بتوانین ڕاستی بكەینەوه،چونكە مەبەست سوود و ئەنجامی كاره،نەك كار ....سوپاس.

## ئەلف و بێ __ پیت

بۆ ئەوەی خوێندەواران، بەتایبەت ئەوانەی بە زارەكانی تر قسە دەكەن و دەیانەوێت سوود، نەك هەر لە ڕێزمانەكە وەرگرن، بەڵكو لە (مفردات)یش چونكە لەوانەیە،واتای هەندێك وشە و دەربڕین نەزانن،بەپێویستی دەزانم كە ئەو( ئەلف و بێ )یەی لە فەرهەنگی (گەوهەری گەرمەسێر)__ زاری كەڵهوڕی __ بەكار هێنراوه بینووسمەوه و ڕوونی بكەمەوه _ چونكە بە مەزەندەی خۆم تاقە فەرهەنگێكە، تا ئێستا بۆ ئەم زاره دانراوه _ بتوانن بە ئاسانی بەكاری بهێنن.

جیاوازی فەرهەنگی " گەوهەری گەرمەسێر" لە فەرهەنگەكانی تری كوردی ئەوەیە، وشەكان بە پێی "ئەلف و بێ" ڕیز كراون، نەك بە گوێرەی دەنگ _ واتە بەم جۆرەی خوارەوه:

I. ئـــــەلف وبـــێ : أ (ئـــا _ ئـــــە _ ئـــــ _ ە)، ب، پ، ت، ج، چ، ح،خ، د، ر،ز،ژ،س،ش،ع،غ،ف،ڤ،ق،ك،گ، ل،م،ن،و،ه،ی.

II. دەنگی قەڵەو ولاواز، كورت و درێژ هیچ دەور نابینن لە ڕیزكردنی وشە، بۆ نموونە :وشەی (كوڵ) و (كول) لە شوێنی یەكتری نووسراون، چونكە هەردوو وشەكە پێكهاتوون لە سێ پیتی هاوبەش (ك،و،ل)، هەروەها وشەی (پەڕ) و (پەر) .

ج. ئەم دەنگە( ۆ) وەك لە وشەی (بۆ _ دۆ _ ڕۆ) ......هتد، وەك دەنگ لە وشەی (زوی)ی گەرمیانەو (خوێن)ی بادینان .

د. أ (ئا_ ئە_ئـ_ە)،واتە گشت ئەو پیتانەی ناو كەوانەكە شێوەی( أ)ن و بەم شێوەیە ڕیزكـراون:ئـاسن _ ئـەگەر _ ئـێرنگە _ ە) چونكە( أ) بـەم شـێوە ( أ ) لـە پێشـەوه نانووسرێت و، شوێنی دیاری نەكراوه،لەگەڵ شێوەكانی تردا :هـات _شیرا_ بەرات _ ......هتد.

ه. هەرچەندە وشە ڕیزكراوه لەسەر پیت نەك لەسەر دەنگ،بەلاّم نیشانەی دەنگ دانراوه، وەك :ڵ_ ڕ _ۆ.......هتد.

# بەندی یەکەم

# بەشەکانی ئاخاوتن

## بەشەكانی ئاخاوتن

**بەشەكانی ئاخاوتن، ئەم بابەتانەی خوارەوە ئەگرێتەوە:**

i . ناو

ii . راناو

iii . ئاوەڵناو

iv . كار

v . ئاوەڵكار

vi . پرێپۆزێشن

vii . ئامرازی پەیوەندی

viii . سەرسوڕمان

i . ناو

١- .ناو له ڕووی چەشنەوە: ناو له ڕووی چەشنەوە دەبێتە دوو جۆرەوە: ناوی بەرجەستە (مادی)، ناوی (معنوی):

: ناوی بەرجەستە (مادی): ئەو ناوەیە کە بەر هەست دەکەوێت،وەك :دش، بڵێزە، گوردە، پرشنگ، مەلاّژگ، گزنگ، بێخ، مێخ، کونجی، ئاسن، مێرزا، پەڵکانە، گەرمەسێر، دارەخورما، دلێر، بالاّجوو ...............هتد.

ئەگەر بەراوردی ئەم ناوانە بکەین، دەبینین دوو جۆرن :

i . ناوی تایبەتی : وەك : مێرزا، پەڵکانە، گەرمەسێر، دارەخورما، دلێر . سا ناوی تایبەتی ناوی کەسێ یان شتێکی تایبەتە . دلێر ناوی کەسێکە،گەرمەسێر ناوی ناوچەیەکە، دارەخورما ناوی شوێنێکە ......هتد . ئەم ناوانە ناوی تایبەتین .

ii . ناوی گشتی : له ناوی یەك کەس یان یەك شت زیاترە، واتە زیاتر له یەك کەس، یان یەك شت بەشداریی دەبێت، وەك : دش،بڵێزە، گوردە، پرشنگ، سێخ .............هتد . ناوی گشتی دەبێتە دوو بەشەوە :

١. ناوی تاك :ئەو ناوەیە کە کەسێك، جانەوەرێك، شتێك دەگرێتەوە، وەك : سەقام، ئاگربەرەك، دەروەن، نەوکەر، مژ، کەژ.............هتد.

٢. ناوی کۆمەڵ: گرۆی کەس، جانەوەر، یان شت دەگرێتەوە، وەك : مەردم، باوان،ریەن، ڕەو،کەوەنە، سپا............هتد.

هەرچەندە ناوی کۆمەڵ کۆ دەبەخشێت، بەلاّم بەپێی دەستوری زمان، بە تاك دەژمێررێت،نموونە:

باوانی ڕمیا،نەك

باوانی ڕمیان.

لەشکەر هات، نەك

لەشکەر هاتن.

ii . ناوی مەعنەوی: ناوی شتێکە کە بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو لە شتێك بەرهەست دەکەوێت،یان له بیرو خەیاڵدا پەیدا دەبێت، وەك:جوانی، پەژارە، بیماری، پیری،بەرزی،زەبوونی، شەرم، ئازار، خوەشی،تەنگی،سەربەرزی، ئاوارەیی، زەردی،خەننگ، هاوماڵی.......هتد.


ناوی مەعنەوی دەبێتە ئەم بەشانەی خوارەوە:

i . <u>ناوی چالاکی</u> : وەك : دەو، خەو، کار، خەننگ......هتد.

ii . <u>ناوی دۆخ:</u> وەك : بیماری،ئازایی، خوەشی......هتد.

iii . <u>ناوی ڕواڵەت:</u>وەك: شیرینی،چەرمگی، تفتی.......هتد.

**<u>چەشنی ناو</u>**




٢ .<u>ناو لە ڕووی داڕشتنەوە:</u> ناو لە ڕووی داڕشتن (دروست بوون )ەوە دەبێتە چوار بەشەوە:

١) <u>ناوی سادە :</u>ئەو ناوەیە کە لە یەك وشەی واتادار پێکهاتووەو بریتییە لە یەك برگە، یان زیاتر: ئێش، جیرە،توازوو،ئاسك، شەك،مانگ، کەمتار،سینگ،مەژمە، ئەوسار، زین،ئاوێنەك، گورچگ، سنان.....هتد.

٢) <u>ناوی داڕێژراو:</u> ئەو وشەیەیە،کە لە یەك وشەی واتادار وزیادەیەك دروست بووە، ئەو زیادەیەش چ لە پێشەوە چ لە دواوە بێت،وەك: ئەڵکەفتگ،ئەڵدەر،گەرمی، پەڕنگە، ڕاوچی، دەسە ......هتد.

٣) <u>ناوی لێکدراو:</u> ئەو ناوەیە کە بەلای منەوە، لە دوو وشەی واتادار دروست بووە، وەك: سێ_شەش، کەوهەفی، چوارشەممە، سێپا، دەروەن، ژێرزگ، مارماسی......هتد.

٤) **ناوی ئاوێته:** ئەو ناوەیە، کە بەلای منەوە لە دوو وشەی واتادار،یان زیاتر و لە زیادەیەك ویان زیاتر دروست بووە، وەك : گەنمەگیا، بزن مژەك، سوەرەشەلگ،کەشك و دوو،کلاو وەسەرە، دۆشاومژە،سەرگاو قنگ خەر، سێنزدەوەدەر......هتد.

٣ _ **ناو لە ڕووی تاك و کۆوە:** ناو لە ڕووی کۆکردنەوە دەبێتە:

١) بژمار (معدود): ناوی ئەو کەسانە یان ئەو شتانەیە،کە دەتوانین یەك یەك بیانژمێرین، وەك: دەسقاڵە، گەلاڵ، ئاوای، مارگ، کلگ........گەر سەرنجیئەم ناوانە بدەین،ناوی(مادی)ین .بێجگە لە ناوی (مادی) ناوی(معنوی)_چالاکی دەژمێررێت، وەك: کار، وازی ..... هتد.

٢) نەژمار(غیر معدود): ناوی ئەو شتانەیە،کە ناژمێررێن ئەمەیش دوو چەشنە:

i (معنوی) جگە لە ناوی چالاکی،وەك: شیرینی، چەفتی، کەمرەسی،بەدبەختی،سەربەرزی......هتد.

ii ناوی( چەندێتی) وەك: گەنم، کونجی، ئارد، برنج، ڕۆن، ئاو،دووشاو،گیا.......هتد.

٤- د.ناو_کۆکردن: ناو کۆدەکرێت بەهۆی ئەم پاشبەندانەی خوارەوە:

١. پاشبەندی (ان)، نموونە: ماڵ + ان -ماڵان، باخ +ان -باخان.

ئەم شێوەی کۆکردنە، زۆر کەمە لە ئاخاوتندا، بەلام بە زۆری بەدیدەکرێت لە فۆلکلۆر بەتایبەت لە شیعر،نموونە:

شکرانەم پیت بوو بینای بانی سەر× وشکە(گەلاڵ + ان )لافاو گرتەوەر.

٢. پاشبەندی (گەل) نموونە:

سوار+گەل-سوارگەل، ژن+گەل -ژنگەل .

ئەم شێوەیەش زۆر کەم، یان بە شێوەیەکی سەرو پۆپ قرتاو بەکاردێت، هەرچەندە ئامرازی ڕەسەنی کۆکردنەوە،دەبێت بکرێت بە ئامرازی ڕێزمان لە نووسیندا.

٣. پاشبەندی (ەیل) نموونە:

خانگ+ ەیل- خانگەیل، شەو+ ەیل- شەوەیل.

ئەم شێوە، شێوەی ئاخاوتنە و لە(گەل ___ ٢)ەوە هاتووە و دەنگی یەکەم قرتاوە و (ی)یَ خراوەتە بەینی (ە و ل ) و بووەتە (ەیل).

٤. پاشبەندی (یل): ئەم پاشبەندە بەکاردێت، ئەگەر وشە کۆتایی هاتبوو بە دەنگی(ا)،وەك: گا+یل-گایل.

٥. هەنـــدێك نـــاو هەیـــە، بـــە تـــاك بـــەكار ناهێنرێـــت، وەك: كـــەوش، كڵاش، جووراو.......هتد. ئەم جۆرە ناوانە وشەی (جفت) لەگەڵیاندا دێت، وەك: جفتێ كڵاش،جفتێ كەوش.........هتد.

٦. شێوەیەكی تـری كـۆكردن بـەكار دەهێنرێـت، یـان دەبیسـترێت،سـەرو قولاخیـان لـە كـوردی ناچێت ولـە چـوارپێنج وشـە زیـاتر نییـە، وەك:بـاخ-بـاخـات، میـوە-میوەجـات، سەونزی-سەونزەوات.........هتد.

٥- ناو_ ژمارە و ژمێرراو : یەكێ لە ڕووالّەتـەكانی نـاوی كەڵهوڕی ئـەوەیە، كە لـە كۆكردندا، ژمارەو ژمێرراو بەیەكەوە نایەن.با بەم شێوەی خوارەوە ڕوونی بكەینەوە:

١) تاكی نەناسیاو : (ژنێ ___ ژنێگ) هات.
٢) كۆی نەناسیاو: ژنەیل هاتن .
٣) تاكی ناسیاو: (ژنە___ ژنەگە) هات.
٤) كۆی ناسیاو : (ژنەیلە___ ژنەیلەگە) هاتن.

ئەم كۆیانەی سـەرەوە( ژنـەیل ___ ژنەیلـە، ژمارەیـان لەگەڵدا نییـە، بـەلآم ئـەگەر هـاتو ژمارەیان لەگەڵدا دانا،ئەوسا دەبنە ناوی (جنس _ تاك) وەك:

١) دارا سێ ژن خوازییە.
٢) چوار دۆیەت وە شۆداگە.

نەك:

١) دارا سێ ژنەیل خوازییە.
٢) چوار دۆیەتەیل وە شۆداگە.

لە كۆكردنی ناوی ناسیاو پاشبەندی(ە) و(ەگە) كـە ئـامرازی ناسـینن،دەخرێتـە سـەر ناو، وەك:

- ژن - ژنەیل (نەناسیاو)
- ژنە ، ژنەگە - ژنەیلە و ژنەیلەگە(ناسیاو)

٦ - **ناوی ناسیاو و نەناسیاو:**

١) ناوی ناسیاو :لەم زارەدا،ناو بەهۆی ئەم پاشبەندانەی خوارەوەدەناسرێت :

أ. پاشبەندی (ە) نموونە: تفەنگ + ە - تفەنگە.
بزن + ە - بزنە.

ئـەم ئـامرازەی(ە)یـە، هـەر(ەگـە)یـە و (گـە)ەکـەی قـووت دراوەو بووەتـە(ە) بۆیـە لـە گۆکردندا،بڕگەی دووەم درێژ دەکرێتەوە،بە قەد درێژی (ەگە)کە.

ب. پاشبەندی (ەگە) نموونە: ماڵ + ەگە = ماڵەگە ، کوڕ+ ەگە = کوڕەگە.

ج. پاشبەندی (گە)، ئەم ئامرازە کاتێك بەکار دێت کەوشە کۆتایی دێت بە(ا) یان (ە) وەکو:

سا + گە = ساگە (ا)

گا + گە = گاگە

هەڕە + گە = هەڕەگە

مەشکە + گە = مەشکەگە (ە)

٢) نەناسیاو :ئامرازی نەناسیاو دووانن:

ا. پاشبەندی (یٚ) وەك: دیوار + یٚ = دیواریٚ

بار + یٚ = باریٚ

ب.پاشبەندی (یٚگ) نموونە: سەرین + یٚگ = سەرینیٚگ

مەل + یٚگ = مەلیٚگ

ئامرازی (یٚ)هەر (یٚگ)ە و(گ)کەی قرتاوە و بووەتە(یٚ) چونکە دەنگی (یٚ) بە قەد هـی (یٚگ)ە لە قسەکردندا.

جاروبار وشەی (یەك)بە کار دەهێنرێت بۆ نـاوی نەناسیاو،نـەك بۆ ژمـاردن، وەك:

یـەك ڕووژ لە ماڵیان بۆم.

ڕووژیٚ لە ماڵیان بۆم.

لێرەدا بە دەرفەتی دەزانم، جیاوازی لە بەینی(تاك) و (نەناسیاو ) دا ڕوون بکەمەوە:

تـاك و نەناسـیاو هـەردووکیان وەك یـەکن لـە ئـاخاوتن و نووسـیندا، بـەڵام لـە واتـا،لـە ڕستـەدا، ئـەم جیاوازییـە دەردەکـەوێت،بۆ نموونـە سـەیری ئـەم دوو ڕسـتەیەی خـوارەوە بکـە:

١- کوڕیٚ(کـوڕیٚگ) هـەواڵت پرسـی .(نەناسیاو ) کـوڕیٚگ و بـەس،نـازانین ئـەو کـوڕە کێیە، بەڵام:

٢- کوڕیٚ(کوڕیٚگ) هەزار دۆیەت تیەرزیٚ(تاك)، واتە یەك کوڕ هەزار کچ هەرزیٚ.

٧ - ناو_ زاینده (جنس)

له زاری کەڵهوڕیدا، وەکو بزانم له زارەکانی تری کوردیدا، هیچ جیاوازییەك نییە له نێوانی نێر و مێ بەپێی ڕێزمان و دەستوری زمان،بە پێچەوانەی ئەو زمانانەی کە نێر ومێ بەشێوەکی زەق،بەپێی ڕێزمان تێیدایەو ڕوون و ئاشکرایە، وەك زمانی (عەرەبی).مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە نێر و مێ لە دیالەکتی کەڵهوڕیدا، هیچ ئەرکێکی ڕێزمانیی نییە،بەڵام دەتوانین(جنس)ی ناو،بەم شێوەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

١- هەندێك ناو هەیە لە بنەڕەتدا،هەر زایندەی نێر دەبەخشێت.

٢- هەندێك ناو هەیە لە بنەڕەتدا، هەر زایندەی مێ دەبەخشێت.

٣- هەندێك ناو هەیە بۆ (دوو زایندە)،نێر و مێ بەکار دێت.

با بەم جۆرەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە.

| ا_ نێر | ب_ مێ | ج_دوو زایندە |
|---|---|---|
| کوڕ | دۆیەت | مناڵ |
| کەڵگا | مانگا | گا |
| گەماڵ | دەڵ | سەگ |
| برا | خوەیشك | _______ |
| تاك | دەڕ | وەراز [1] |
| کەڵەشێر | مامر | _______ |

١- تك: وەرازی نێر ، دەڕ ، وەرازی مێ.

| ا_نێر | ب_مێ | ج_دوو زایندە |
|---|---|---|
| مەموو | میمگ | _______ |
| خاڵوو | میمگ | _______ |
| باوگ | داڵگ | _______ |
| پیاگ | ژن | _______ |
| شو | ژن | _______ |
| وەرەن | میە | _______ |
| تگە | بزن | _______ |
| ماهین | ئەسپ | _______ |

[1] (١) تاك: وەرازی نێر،دەڕ وەرازی مێ.

بێجگە لەمانە،جارو بار، نێر و مێ لە یەك جیادەكرێتەوە، بە بەكار هێنانی(نێرە_ نەڕە_ ما) وەك:

| ناوی (جنس) | نێر | مێ |
|---|---|---|
| خەر | نێرەخەر | ماخەر |
| شێر | نەڕەشێر | ـــــ |

یان ناوی (جنس) لە پێشەوە دێت:

| | | |
|---|---|---|
| وەرك | وەركەنێر | وەركەما |
| شەك | شەكەنێر | شەكەما |

٨ -_ ناو_ ئەرك (وظیفە)

ناو ئەم ئەركانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

١- كارا: ا_ سەردار هاتەوە.

ب_باوگم هووكارەی خوەنینی كوردی بووە.

ج_گیشتمان برای یەكیم.

٢- بەركار:

ا_ داری ئەناریٚ كاڵیمە.

ب_ دۆیەكە شكاریٚ كوشتم.

ج_ساڵیٚ سی_ چل وەرك فرووشن.

٣- (خبر)ی رستە:

ا_هەڵەبجە شارە .

ب_ مەنیژە خوەیشگمە.

ج_ سیاوەخش وەرزێرە.

٤-جێناو (بدل):

ا_ فەرهاد، كوڕەی خوارزام، ها لە ماڵ.

ب_ والیە، داڵگی وەلی،ئەمری خودا كرد.

ج_ باوانوو، ژنەی باوە، كوڕێگ هاورد.

## ڕاناو

ڕاناو وشەیەکە ناوی کەسێك یا شتێکی تایبەت نییە، بەڵام شوێنی کەسێك یان شتێك دەگرێت کە دەلالەت لە کەسێك یان شتێکی تایبەت دەکات، بۆ نموونە:وشەی (کێ) دەلالەت لە هیچ کەس ناکات، بەڵام لە جیاتی کەسێك هاتووە، وەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١- کێ ها لە ماڵ؟ ٢- خەسرەوی ها لە ماڵ.

لێرە (کێ) لە جیاتی،یان شوێنی خەسرەوی گرتووە.

١-چە سەننگە؟ ٢- خورما سەننگە.

لێرە (چە) جێی خورمای گرتووە.

ڕاناو لە زاری کەڵهوڕیدا، دەبێتە ئەمانەی خوارەوە:

١- ڕاناوی کەسی
٢- ڕاناوی هەیی
٣- ڕاناوی خۆیی
٤- ڕاناوی نیشانەکردن
٥- ڕاناوی نادیار
٦- ڕاناوی پرسیار
٧- ڕاناوی پێوەندی.

١- ڕاناوی کەسی_ جودا:

ا- (مە_ من) کەسی یەکەمی تاك.

-مە لە جەمال درێژترم.
-مە لە کوو، ئەوان لە کوو!
-من و کمال هاوسایم.
-من و بایەقوش هەردوو هاودەردیم
کەلاوە نشین هەناسە سەردیم. (فۆلکلۆر).

ب_(تە _ تن) کەسی دووەمی تاك:

-تە لە شامار پیرتری.
-تە چە زانی!؟
-تن خودا واز بار!

-تن و من مەکەن.

ج_ (ئەو) کەسی سێیەمی تاك:

-ئەو و ئێمە هاوکاریم.

-ئەو ئەڕا خوەی وەت!

د_(ئیمە) کەسی یەکەمی کۆ:

-ئیمە و ئەوان هاوپەڕەیم.

-ئیمە ی کورد بە چە وە یەچە !

ﻫ _ (ئوە_ ئیوە) کەسی دووەمی کۆ:

-ئوە(ئیوە) هاتینەو ناو، ئەوان دەرچگن.

-ئوە(ئیوە) فرە ملهوڕین.

-ئوە(ئیوە) کەی عەقڵە وگرین!

و_(ئەوان) کەسی سێیەمی کۆ:

-تا ئیمە چەن و چون کردیم،ئەوان کاری خۆیان کردن.

-ئەوان لە ئیمە فرەترن. ئیمە ئیمەیم،ئەوان کی ین!

٢-راناوی کەسی لکاو _ کارا:

ا_ (م) کەسی یەکەمی تاك:

-پێرەکە هاتمەوە. ئەگەر نەچیام خاستر بۆ.

ب_(ی _ ید _ یت) کەسی دووەمی تاك:

-کەیٚ (هاتی _ هاتید_ هاتیت) ؟

-ئەگەر زۆ ژن (بخوازیای _ بخوازیاید_ بخوازیایت ) ئێرنگە .

-منالیٚ (دایشتی _ دایشتید_ دایشتیت).

ج_(یٚ) کەسی سێیەمی تاك: ئەم ڕاناوە لە دەمی ڕابردوودا دەرناکەوێت:

-حەمە مرد.(دەرناکەویٚ). حەمە مریٚ. (ئێستا).دەردەکەوێت (یٚ).

د-(یم _یمن) کەسی یەکەمی کۆ :

-رووژیٚ شەش سەعەت کار (کەیم _ کەیمن).

-هەر رووژ سەر لیٚ یان (دەیم _ دەیمن).

ﻫ-(ین) کەسی دووەمی کۆ :

-پەنجا میە فرووشین و سەت کاوڕ سێنین.

- خوەزەو بهاتاین، تا باوەڕ بکردایین.

و.(ن) کەسی سێیەمی کۆ:

- مانگێ کارکردن و واز هاوردن .
- چەنێ جارێ سەر لە ماڵ دەن؟

٣-ڕاناوی کەسی _ بەر کار:

ا.(م) کەسی یەکەمی تاك:

- کەس نەدییە_م، بێجگە لە کەمەر.
- هەر رووژ باوگم تیاریگە_م ئەڕا مەکتەو.

ب.(د_ ت) کەسی دووەمی تاك:

- دۆیەکە (دیمە_د، دیمە_ت) لە بازاڕ.
- خاڵوو فەرهاێ (چڕیگە_د، چڕیگە_ت).

ج.(ێ) کەسی سێیەمی تاك:

- مناڵەیل خەڵەتاننە_ێ . هەر رووژ دوغە_ ێ.
- کی براخاس ناسێ ؟ مە ناسمە_ ێ.

د-(مان) کەسی یەکەمی کۆ:

- یەکە یەگە ئەڵگرتە _ مان وماچمانەوە کرد.
- بکوشێگە_ مان، لەوە خاسترە قسە پیمان بکەێ.

ە.(دان_ تان) کەسی دووەمی کۆ:

- ئەوەکی ترسانگە سەدان _ ترسانگە سەتان!
- بزانن ئەوە کییە چڕێگە دان _ چڕیگە تان.

و.(ان) کەسی سێیەمی کۆ:

- کی مناڵەیلەگە بردەوە ؟ مەبردمانەوە .
- ئەگەر بچیام دیمان.

٢-ڕاناوی هەیی:

ا.(م) کەسی یەکەمی تاك :

- وەختێ هاتمەوە، فلسێ لە گیرفان_م نەبۆ.
- کی قەڵەمەگە_م بردگە؟

ب. (د _ ت) کەسی دووەمی تاك :

- چۆنی،خاسی؟ (دەسد، دەست) ماچ کەم.
- خودا بزانیٚ هەمیشە هەوالد _ت پرسم.

ج. (یٚ) کەسی سێیەمی تاك:

- کوڕەیٚ خاڵووم ها لە ماڵمان .
- شەممە پیر بووە و ئومێدیٚ ها وە کوڕەیلەگەیٚ.

د.(مان) کەسی یەکەمی کۆ:

-برایی مان برا، کیسەمان جیا (پەند).
-خاسمان ئەڕا خومان و گەنمان ئەڕا خومان !
-لە یەك بڕیاگە پای ڕێواریمان × وە یەك نیەڕەسیٚ دادو زاریمان.(فولکلۆر)

ه. (دان _تان) کەسی دووەمی کۆ :

- دەگ بچو کردەدان کوو نەگریٚ!
- خودا بیامرزیٚ . شەریکی غەمتانـم.

و. ( یان) کەسی سێیەمی کۆ :

- دەمیان هارە و باریان بار.
- ئێرنگە کاریان لە ئەوسا خاسترە.
- ئەیە دیوە خانیانە، ئەوەیش نیشتمان.

٣) ڕاناوی خۆیی: (خو + (ە) + ڕاناو )

ا.(خوەم) کەسی یەکەمی تاك :

- وە دەسی خوەم ماڵی خوەم ڕمانم .
- کار بکە . خوەم و خوەیٚ مەکە .

ب.(خوەد_ خوەت) کەسی دووەمی تاك:

- خوەد وە خوەد بۆید، ئەڕا ئەیٚ کارەوە کردیت!
- وە دەسی خوەتە، بچی یانەچی .

ج.(خوەیٚ) کەسی سێیەمی تاك :

- جەمشێر، خوەیٚ وە پای خوەیٚ هات .
- شاری هرتە، هەر کەس ئەڕا خوەیٚیە.

- هەر کەس قەدری خوەیٚ نەگریٚ، کەس قەدری نیەگریٚ.

د. (خومان) کەسی یەکەمی کۆ:

- ئیمە خومان لە ناوی خومان جوور نیٖییم .
- کاریٚ بووە، خومان وخوتان، سەر نیەگریٚ .
- قابڵە لە خومان خاستر بزانن !

ە.(خودان _ خوتان)کەسی دووەمی کۆ :

- خودان وخومان مەکەن .
- تەگبیری ئەڕا خوتان بکەن .
- ئوە، خوەتان،دینان ؟

و. (خویان) کەسی سێیەمی کۆ :

- ئەوان خویان خاس لیٚ زانن.
- خویان لە ناو خویان ناکووکن .

ڕاناوی خۆیی دوو جۆرە:

١ . ڕاناوی خۆیی تاکیدی .

٢. ڕاناوی خۆیی reflexive

١ . ڕاناوی خۆیی تاکیدی : ئەم ڕاناوە هەمیشە لە دوای ناو،چ کارا وچ بەرکار،دێیت، تاکو ناو دووبارە نەبێتەوە . با بەم جۆرەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:

ا. دارا هاتەپیریمانەوە.(ئاسایی).

ب. دارا خوەیٚ هاتە پیریمانەوە (تأکید ).

ا. مە لە ئوورە بووم (ئاسایی)

ب. مەخوم لە ئوورە بووم (تأكيد).

ا. ئەوان لە یەکتری ڕازی بیین. (ئاسایی)

ب. ئەوان خویان لە یەکتری ڕازی نیٖین(تأکید).

٢-. ڕاناوی خۆیی (reflexive): ڕاناوی خۆیی (reflexive) ئەوەمان پیشان دەدات کە کەسی کارا و بەرکار یەکێکن،وەك

i. ئەوان ئەڕا خویان کارکەن .(ئەوان و خویان ) یەکێکن.

ii. شاواز خوەی وە گەورای ئاوای گریٚ. (شاواز و خوەیٚ) .

iii. ئیمە ئەڕا خومان هەوڵ دەیم. (ئیمە وخومان).

ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانەی سەرەوە بدەین، دەبینین :

١) ئەوان و خویان یەك كەسن . واتە خویان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان.

٢) شاواز و خوەیٚ یەك كەسن . واتە خوەیٚ دەگەڕێتەوە بۆ شاواز.

٣) ئیمە و خومان یەك كەسە . واتە خومان دەگەڕێتەوە بۆ ئیمە.

بەم جۆرە (جنس) و كارا دووبارە نابێتەوە .

**ئەركی ڕاناوی خۆیی**

ڕاناوی خۆیی دەبێت كارا و بەركار بێت:

ا. خوەم ماڵیان نیشانت دەم .(كارا).

ب. خوەی دەێگ وە كوشت ئەڕا فلسیٚ. (بەركار).

ج. بچن كاریٚ ئەڕا خودان بكەن. (بەركار).

**٤- ڕاناوی نیشانە كردن:**

**ا. (ئەیە _ یە) كەس وشتی نزیك و تاك:**

- ئەیە برامە. یە برامە. (كەس).
- ئەیە كونجیيە. یە كونجیيە .(شت).

**ب. (ئەوە) كەس و شتی دوور و تاك:**

- ئەوە نەریمانە. (كەس).
- ئەوە داری بلاٚلۆكە . (شت).

**ج. (ئەیانە_ یانە) كەس و شتی نزیكی كۆ:**

- ئەیانە برا و خوەیشگن" – یانە برا و خوەیشگن (كەس)
- ئەیانە مامری هەراتیین . – یانە مامری هەراتین (شت)

**د.(ئەوانە) كەس و شتی دووری كۆ:**

- ئەوانە هاوڕێمانن . ئەوانە كاركەرن . (كەس)
- ئەوانە داری پەڵكن . ئەوانە شەوچراخن. (شت)

**ئەركی ڕێزمانیی ڕاناوی نیشانەكردن" دەبێتە:**

ا. كارا : ١- كام وەرك چاخە؟

٢- ئەوە چاخە.

١- كامیان لەوبارەیلە گەنمن؟

٢- ئەوانە گەنمن.

ب_ بەركار : ١_ چە پيت دان؟

٢_ ئەوە دان وە پيم .

١_ چە سەنيدە ؟

٢_ ئەيە سەنمە.

١_ چە هاورديدە؟

٢_ ئەيانە هاوردمە.

٥-ڕاناوی ناديار

ڕاناوی ناديار ئەوە دەبەخشێت كە لە شوێنی كەسێك يان شتێكی ناديار دێت، يان دەگرێتەوە، واتە ژمارەو چەشن و زايندە.....هتد، نازانرێت .

ڕاناوی ناديار،لەم زارەدا،ئەمانەی خوارەوەن:

ا.(قەێرێ) بۆ بژمار و نەژمار،بەركار و كارا:

١. چەن (چەند) كەس لەورە ديت ؟ قەێرێ ديم .(بژمار)

٢. چەنیٚ(چەندیٚ) گەنم دێریٚ ؟ قەێرێ دێریٚ . (نەژمار)

٣. چەنی كونجی كاڵیيە ؟ قەێرێ كاڵیيە . (بەركار)

٤. چەن ژن هات؟ قەێرێ هات .(كارا)

ب. (هەرچگ): شت_ كاراو بەركار :

١. هەرچگ كرد ئاو بردەی. (بەركار)

٢. هەرچگ لە دەسيدا هات درێخ نەكرد. (كارا)

ج. (هەردوو) عاقل و زيندەوەر و جماد:

١. من و بايەقوش هەردوو هاودەرديم.

كەلاوەنشی هەناسە سەرديم .(فۆلكلۆر)

د. (هەركەس) عاقل _كارا و بەركار:

١. هەركەس هات خوەش هات . (كارا)

٢. هەركەس دی، خەوەرێ بكە. (بەركار)

ه.(كەس) بۆ عاقل _كارا و بەركار:

١. کی ها له ماڵ ؟ کەس له ماڵ نییه. (کارا)

٢. کی له ریٚ دیت ؟ کەس نەدیم. (بەرکار)

و. (گیشت) عاقل وغیری عاقل:

١. گیشت نەوه دڵه . (عاقل)

٢. گیشت له خەرگی مرسەقینه کریاگه (غیر عاقل)

ز. (یەکیٚ) عاقل:

١. یەکیٚ ماڵی ڕمیا، یەکیٚ گوشت وه پیٚ برشان . (پەند)

٢. یەکیٚ ماڵی ڕمیاگه،دەس وەیٚ ئاگرا بگریٚ !

ح. (یەکتری) عاقل و غیری عاقل:

١. ئەوان یەکتری ناسن . (عاقل)

٢. سەگەیلەگه یەکتری خلۆمانن . (غیر عاقل)

ط. (هن) بۆ عاقل وغیری عاقل:

١. ئەیه منالی کیٚیه ؟ هنی منه . (عاقل)

٢. ئەیٚ داسه،داسی کیٚیه ؟ هنی پەروێزه . (غیر عاقل)

ی. (هیچ _ هۆچ) غیری عاقل:

١. چه دیاره ؟ هیچ (هۆچ) دیار نییه .

٢. چه بووه ؟ هیچ(هۆچ) نەبووه.

ك. (فلاٚن) بۆ عاقل:

١. فلاٚن وەت و فلاٚن کرد !

٢. فلاٚن هات وبیسان چگ !

ل. (بیسان) بۆ عاقل: ئەم ڕاناوه لەگەڵ (فلاٚن)دا دێت و هەر واتای (فلاٚن) دەبەخشێت، وەك:

فلاٚن هات و بیسان چگ .

م. (هەردگ) بۆ عاقل:

١. جوور هەردگ هەر باڵ له قنیٚ.

٢. هەر بووه هەردگ.

ن. (هەر +ناو- ڕاناوی نادیار): هەرکەس، هەرچیشتیٚ، هەریەکیٚ......هتد.

١. هەرکەس قەبوول نیەکەی، بیلا نەکەی !

٢. هەریەکیٚ خاسی خوەیٚ توای.

٣. هەرچیشتیٚ بوو خەوەم بکە.

س. (ان) ئەم ڕاناوە لەگەڵ ژمارەدا دیٚت،لە یەك زیاتر،جیٚی ناویٚك دەگریٚتەوە لە پیٚشەوە دیاری کراوە، بۆ ئەوەی دووبارە نەکریٚتەوە، نموونە:

١. چەن مانگا دیٚری ؟ ٢. سیٚ مانگە. ⟵ سیٚیان. (سیٚ +ان)

١. چەن کەس هاین لەیٚ ماڵە ؟ ٢. چوارکەس. ⟵ چواران (چوار +ان)

١. چەن دار ها لەیٚ باخە ؟ ٢. هەفت دار. ⟵ هەفتان .(هەفت +ان)

ع. ( هەر +کام+ ڕاناو): هەرکامیان، هەرکاممان......هتد.

ئەم ڕاناوە بۆ عاقل و غیری عاقل بەکار دیٚت .

١. کام میە هنی کلاٚنتەرە ؟ هەرکامیان چاخە هنی ئەوە.

٢. هەرکامیان شیٚرە حەقی خوەیٚ بسیٚنیٚ.

## ٦_ ڕاناوی پرسیار

ا. (کی...؟) بۆ عاقل: کارا و بەرکار

١_ کی گووچانەگەم بردگە ؟ (کارا).

٢_ کی لەورە دیت ؟ (بەرکار).

٣_ کی بریٚنەی بزنەگە کرد ؟ (کارا ).

٤_ کی ڕمانی ؟ (بەرکار ).

ب. (کام +ڕاناو) بۆ عاقل و غیری عاقل . بۆ هەڵبـژاردن لە نیٚوانی دوان یان زیاتر، نموونە:

١) کامیان دریٚژە، سەردار تا ناوخاس ؟

٢) کامتان زۆ هات ؟

٣) کامیان گەوراسە، ئەڵوەن تا سیروان؟

٤) کاممان بەرزە، مە تا نەوزاد؟

ج _ (کامە... ؟) بۆ غیری عاقل (هەڵبژاردن)

١) کامە لەیٚ ناوچەیلە گەرمە، خانقی تا کەرکووك ؟

٢) کامە لیٚرە سەونز بۆ، خارچگ تا دوملاٚن ؟

د. (چە...؟) بۆ غیری عاقل:

٢. شەوەکی چە خواردی ؟ نان و کەرە .

٣. چە ها لە گیرفانت ؟ دەسماڵێ

ھ.(چەنێ (چەندێ )...؟) بۆ بژمار:

١. چەنێ (چەندێ) بەسە ؟ یەك گومەیل بەسە .

٢. چەنێ (چەندێ ) کیشێ؟ سێ رووژ کیشێ.

٣. چەنێ برد ؟ چوار کیسە برد.

٤. چەنێ پێیاندا ؟ هەزار دینار.

## ٧- ڕاناوی پێوەندی

ڕاناوی پێوەندی لەم زارەدا، زۆر کەم و هەر ئەمانەی خوارەوە دەبیسترێت:

I. (گە) بۆ عاقل و غیری عاقل .

١. ئەیە دزەکەسە . ئەێ دزە ئەسپەگەمان دزی .(عاقل ).

- ئەیە دزەگە سەگە ئەسپەگەمان دزی.

٢. ئەیە شمشێرەگەسە . پارەکە شمشێرەگە دیمەوە .(غیر عاقل).

- ئەیە شمشێرەگەسە پارەکە دیمەوە .

ب.(یاروو) بۆ عاقل وغیری عاقل:

١.کوڕە برازامە .کوڕە دۆیەکە لە ماڵمان بۆ. (عاقل).

کوڕە، یاروو دۆیەکە لە ماڵمان بۆ، برازامە.

٢. جامەگە ئەڕام بار،جامەگە ها لە بانی کونەگە . (غیر عاقل).

جامەگە، یاروو ها لە بانی کونەگە، ئەڕام بار.

### ئەرکی ڕێزمانی ڕاناو

ئەگەر سەرنجێ لە چەشنەکانی ڕاناو بدەین، دەبینین،ڕاناو بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١. جیێ ناو دەگرێ: کوڕەێ دەسمیەتی دا.

٢. پرسیار دروست دەکات: کی ماڵمان ناسێ ؟

٣. تأکیدی کارا دەکات: ئەوان خویان دڵیان نییە.

٤. رستە بەیەکەوە دەبەستێ: ا. ئەو کوڕە میمزامە . ئەو ماڵمان ناسێ.

ب. ئەو کوڕەگە ماڵمان ناسێ میمزامە.

## ح. ئاوەڵناو

ئـاوەڵناو ئـەو وشـەیەیە کـە وەسـفی ناوێـك دەکـات و ڕوونـی ڕواڵـەت و دۆخ و واتـا دەکاتەوە، وەك :پیاگی کەڵگەت، منالی زیلەك، ڕێی ڕاس، ژنێ خێرا، گیایی سەونز، زکی دڕیاگ، کاری دەس و دەم، منالی نەوە وایە، کەسی دەروەدەر، دۆەتێ بێچارە......هتد.

١. ئاوەڵناو لە ڕووی داڕشتنەوە:

ئاوەڵناو لە ڕووی داڕشتنەوە، دەبێتە چوار بەشەوە:

i. ئاوەڵناوی سادە: لە یەك وشە پێکهاتووە و هیچ زیادەیەك پێیەوە نەلکاوە، وەك : هشـك (وشـك)، تفت، لێلێ، لێژ، تـووش، سـارد، سـەرد، نـەرم، دێـز، مفت، پـەتی،گـران، سـەخت، چـەفت،شـەل، وێـلێ، نزیـك، بـەرز، قـورس، سـووك، ئـاسان، دوڕ، كـول، كولێ.....هتد.

ii. ئاوەڵناوی داڕێژراو: لە یەك وشەی واتادار (قامووسی) و زیادەیەك، یان زیاتر لـە زیادەیـەك، پێکهـاتووە، وەك: چـەمیاگ، کـوردی، مـوورن، کوشـەندە، دڕننـە (دڕنـدە)، نـاجوور، نـەزان، مـەزووك (نـەزووك)، ئـەڵکەفتگ، ئـەڵگەردیاگ، شـیرا، چـوارم، گـیرا، گەڕا،چەپێلێ، ڕاسێلێ......هتد.

iii. ئاوەڵناوی لێکدراو: لە دوو وشە پێکهاتووە :

دڵپـاك،سـەرڕاس، ڕاسـگوو، باڵابـەرز،نـاودار، دودڵێ، چـوارلا، شـڕپار، بەدبـەخت، کەمگوو......هتد.

iv. ئـاوەڵناوی ئـاوێتە: لـە دوو وشـە و زیادەیـەك یـان زیـاتر دروسـت بـووە، وەك: چوارشانە، سێ گوشە، قین لە دڵێ، داخ لە دڵێ،چەولە کونـا، سەرگەردان، بێ دەس و دەم، کووس کە فتگ، دەسەلاتدار،وەساڵداچگ، دلمردە.....هتد.

٢. ئـاوەڵناو لـە ڕووی چەشـنەوە: ئـاوەڵناو لـە ڕووی چەشـنەوە، دەبێتـە ئـەم جۆرانەی خوارەوە:

ا. ئـاوەڵناوی چـۆنییەتی: وەك : باریـك، قـایم، بتـەو، نـەخت، پـڕ، تـرت،تەسـك، چـاخ، هەرزەکار، سەرەهەرز، داوانپاك، پنجلێ، ئاوارە، نادیار،نامەرد.....هتد.

ب.ئاوەڵناوی چەندییەتی (کمیە): وەك: یەك، سێ، پێنج، کەم، فرە ....هتد.

ح.ئاوەڵناوی دابەشکردن: گیشت، هەر.

١. گیشت منالێ، هەر منالێ .

٢. گیشت مللەتیٚ، هەر مللەتیٚ.

٣. گیشت یەکیٚ، هەر یەکیٚ .

٤. گیشت ماڵیٚ، هەر ماڵیٚ.

د.ئاوەڵناوی پرسیار : وەك:

١. چ....؟ چ ساڵیٚ هاتگە سە دی ؟

چ چیشتیٚ ئەڕای خاسە ؟

٢. کام....؟ کام کوڕیٚ ژن خوازییە ؟

کام گرد بەرزە ؟

٣. چەن....؟ چەن برا دیٚریٚ ؟

چەن کەس بەس شەویٚ کەیٚ ؟

هـ.ئاوەڵناوی نیشانە کردن: وەك:

١. ئەو کوڕە برامە .

٢. ئەیٚ خنجەرە هنی منە .

٣. ئەو دارەیلە گەزن .

٤. ئەو گردە نزمە .

و.ئاوەڵناوی ریٚژەیی (نسبنی): وەك: کەڵهوڕی،دەیشتەکی، شاری، وەهاری، بازاڕی، باوگی، ژنانە، کوڕانە، دۆیەتانە.... هتد.

ز.ئاوەڵناوی کاری: ئەم ئاوەڵناوە دەبیٚتە دوو بەشەوە :

١.ئاوەڵناوی کارا : وەك : مردگ، کەفتگ، خەفتگ.....هتد.

٢.ئاوەڵناوی بەرکار : وەك : شکیاگ، بڕیاگ، دڕیاگ .....هتد.

ح.ئاوەڵناوی پلە: ئاوەڵناوی پلە سیٚ چەشنی داڕشتنی هەیە :

١. ئاوەڵناوی چەسپیو : ئەمە پلەی یەکەمە، واتە ئاوەڵناوی سادەیە،وەك: نزم، فراوان، دۆر، گەورا،تەسك.....هتد.

٢. ئاوەڵناوی بەبراورد: ئەمە پلەی دووەمە و پیٚکدیٚت لە (ئاوەڵناویٚك +پاشبەندی (تر))، وەك: کوڵ +تر - کوڵتر،سەخت + تر - سەختتر (سەختر)......هتد.

٣. ئاوەڵناوی باڵا : پلەی سیٚیەمە و لە (ئاوەڵناویٚك + پاشبەندی (ترین))پیٚکدیٚت، وەك: چەرمگ +ترین -چەرمگترین،پیٚس + ترین - پیٚسترین، کەم + ترین -

کەمترین.....هتد.ئەم پلە (ئاوەڵناو + ترین ) زۆر کەم دەبیسترێت و (صیغە)یەکی تر لە جیاتی ئەم (صیغە) بەکار دێت، ئەوەیش (هەڵە +ئاوەڵناوێك)ە:هەڵە گەورا، هەڵە بەرز.....هتد. ئێستا با سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین تا بزانین چۆن ئەم پلانە بەکار دێن:

ا. پلەی یەکەم (چەسپیو) :ئەم پلە هەر ئاوەڵناوێکی ئاساییە:

١.سالار بەرزە . ٢.شاوێس وەگورە. ٣.فەرهاد شیەچکە .

ب پلەی دووەم، بەراوردە لە نێوان دوو کەس،دوو شت،دوو گرۆ.....هتد. (ناو +لە + ناو + ئاوەڵناو):

١. سالار لە شاوێس بەرزترە . شاوێس لە سالار شیەچکترە.

ج. پلەی سێیەم (بالاّ) :بالاّکردنی کەسێك،شتێك،گرۆێك لە کەسێك،شتێك،گرۆێك تر.....هتد.

١. بارام زیرەکترین کورە لە مەکتەب . ٢. نەسرین جوانترین دۆیەتە لەیْ ناوە. ٣.ئیمە بێدەسەلاتترین کەسیم لەیْ ناوە .

با نموونەیەك بۆ(هەڵە + ئاوەڵناو )بێنینەوە:

١. سەردار هەڵە گەورای کورەیلەگەیە .
٢. ئەیە هەڵە چاخی ساوەیلەگەسە.
٣. فەرهاد کوری هەڵە گەورایە.

د. کار[٢]

١.کار لە ڕووی داڕشتنەوە: کار لە ڕووی داڕشتنەوە دەبێتە چوار بەشەوە:

ا. کاری سادە: ئەو کارەیە کە لە یەك وشە پێکهاتووە، بەبێ هیچ زیادەیەك، وەك: گرتن، شووردن، ئێشان، مرانن، مێڕانن،بەخشان، بڕین، چوون، پژرین، خونجیان......هتد.

ب. کاری داڕێژراو : ئەو کارەیە کە لە وشەیەکی سادەو زیادەیەك یان زیاتر پێکهاتووە، وەك: ئەڵکردن، داهاتن،سڕینەوە، بردنەوە،ڕاهاتن،لێگرتن،ئەڵپەڕین ......هتد.

[٢] بۆ ئاسانی، لەجیاتی کار، چاوگ بەکاردێنین

ج.کاری لێکدراو: ئەو کارەیە کە لە دوو وشە دروست بووە، وەك: سەرنان،دمگرتن، گەرمبوون، کوورکردن،بانگدان، چارکردن، رخبوودن.......هتد.

د.کاری ئاوێتە : ئەو کارەیە کە لە دوو وشە وزیادەیەك، یان زیاتر لە دوو وشە و زیادەیەك دروست بووە، وەك: سەر ئەڵگرتن،چەو لەیەك برین،ناولە پا برین، دادو بیٚدادکردن، ئەویەك خسن، پاوەگەزدان،چارەسەرکردن.......هتد.

٢.کار لەڕووی هێز_ەوە: کار لەڕووی هێزەوە دەبێتە دوو بەشەوە:

ا.کاری تێپەڕ: ئەو کارەیە کە پێویستی بە بەرکارێك، یان زیاتر هەیە:

١.کاری تێپەڕ_ یەك بەرکار :

ا. زینسێگ دۆرانم. ب.کی قاپییەگە کردەوە؟ ج.فەلاٚمەرز ژنیٚ خوازی.

د.رووسەم ڕیەنەگەی لەوەڕنی.

٢.کاری تێپەڕ_ دوو بەرکار :

ا.تفەنگەگەی دا وە براگەی . ب.نامەی ئەڕا کەلای براگەی نووسی.

ب_ کاری تێنەپەڕ: ئەو کارەیە کە پێویستی بە بەرکار نییە و واتای تەواو لە رستەدا دەبەخشێت، وەك:

١.وا ئەڵکرد. ٢.قژی سەری ڕزیاگە . ٣.گەوهەر مرد.

کاری تێنەپەڕ دەبێتە دوو جۆرەوە:

ا. کاری تێنەپەڕی ئاسایی: ئەو کارەیە کە کارا پڕ بە خواهشتی خۆی پێی هەڵدەستێت، وەك:

١) فەرهاد چۆ ئەڕا بازاڕ . ٢) قوباد لە شوانی دانیشتا.

ب.کاری ڕوودان (مطاوع): ئەو کارەیە کە بەبیٚ خواهشتی کارا ڕوو دەدات، وەك:

١.گووچانەگەم شکیا. ٢.لاسیك کیشی تییٚ.

بێجگە لەم چەشنانەی سەرەوە، هەندێك کار هەیە دوو ڕۆڵ دەگێڕێت، واتە تێپەڕ و تێنەپەڕ، نموونە:

| تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|
| ١. وا ئەڵکرد . | ١. جهان کلافەیەك ئەڵکرد. |
| ٢. واران کردەوە. | ٢. کی قاپیەگە کردەوە؟ |
| ٣. واران داکرد. | ٣. خانزا پەسا ئاو داکرد. |

ح.كاری کارپێکەر (Causative) : هەندێ کار هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرکار هەڵدەستێت بە کارێك، یان یەکێکی تر هەڵدەستێت بە کارێك، وەك :

١. باپیر ساوەیلەگە مژان.
٢. داپیرە منالّەیلەگە خەفان.
٣. دانەی وەگیر.
٤. شەرت بوو گیشتیان بەم وە کوشت.

## چۆنییەتی دروست بوونی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ

حەوت جۆرە کاری ڕابردوو هەیە،واتە ڕابردووی کەسی سێیەمی تاك:

١. کاری (ا)ی، وەك: ڕمیا،ئێشا،دا،نمیا، دانیشتا،گلیا،کیشا.
٢. کاری (ت)ی، وەك: کوشت،نیشت،هیشت، کەفت، هات، وەت .
٣. کاری (د) ی، وەك:مرد، کرد، برد،شوورد.
٤. کاری (ن) ی، وەك:سران،مران، کران، قیژان، سزان.
٥. کاری (گ)ی، وەك: چگ :هەر ئەم کارە هەیە.
٦. کاری (وو)ی،وەك: بوو: هەر ئەم کارە هەیە.
٧. کاری (ی) ی،وەك: سری، بری،چری، دری.

مەبەست لە چۆنییەتی دروست بوونی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ ئەو کارانەن (تێپەڕ و تێنەپەڕ) کە یەك ڕەگیان هەیە،وەك( مرد _ مران) کە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگی (مر). ئەمجا بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار،دەبێت پێڕەوی ئەم دەستوورەی خوارەوە بکەین:

ا.کاری (ا) ی، بە قرتاندنی (ا) و(یا) لە کاری ڕابردوو، وەك:

| کار | | ڕەگ |
|---|---|---|
| ١. ئێشا | ←――― | ئێش |
| کیشا | ←――― | کیش |
| ٢. ڕمیا | ←――― | ڕم |
| ٣. قومیا | ←――― | قوم |

ب_ کاری (ت)ی: بە قرتاندنی (ت) و (ست) وەك:

| کار | | ڕەگ |
|---|---|---|
| کەفت | ←――― | کەف |
| خەفت | ←――― | خەف |

خەنست ⟵ خەن

زانست ⟵ زان

ح. کاری (د) بە قرتاندنی (د، رد) وەك:

<u>کار</u> <u>ڕەگ</u>

مرد ⟵ مر

شوورد ⟵ شوور

برد ⟵ بە

کرد ⟵ کە

د. کاری(نەناسیاو) بە قرتاندنی (ان) وەك:

<u>کار</u> <u>ڕەگ</u>

پەڕان ⟵ پەڕ

سووزان ⟵ سووز

ه. کاری (گ) بە قرتاندنی (گ)،وەك:

<u>کار</u> <u>ڕەگ</u>

چگ ⟵ چ هەر ئەم کارە هەیە.

و. کاری (وو)، بە قرتاندنی (ۆ)،وەك:

<u>کار</u> <u>ڕەگ</u>

بوو ⟵ ب هەر ئەم کارە هەیە.

ز. کاری(ی)، بە قرتاندنی (ی)،وەك:

<u>کار</u> <u>ڕەگ</u>

تەزی ⟵ تەز

ژەنی ⟵ ژەن

با ئێستا بێینە سەر چۆنیەتی دروست بوونی کاری (تێپەڕ و تێنەپەڕ)

١. <u>کاری تێپەڕ</u> :

ا. <u>دەمی ئێستا:</u> ئەم (دەم) ە دروست دەبێت بە (ڕەگ + ن + ڕاناوی لکاو) نموونە :

| ڕەگ | دەمی ئێستای تێپەڕ | |
|---|---|---|
| ١. کچ | کچ + ن +یٚ = <u>کچنیٚ</u> | (کاری (ا)ی) |

٢. خەف		خەف + ن + یٚ - خەفنیٚ		(کاری (ت)ی.
٣. مر		مر + ن + یٚ - مرنیٚ		(کاری (د)ی.

II. دەمی ڕابردوو: دروست دەبێت بە (ڕەگ + پاشبەندی (ان)) نموونە:

| ڕەگ | دەمی ڕابردووی تێپەڕ | |
|---|---|---|
| گل | گل + ان = گلان | (کاری (ا)ی. |
| نیش | نیش + ان = نیشان | (کاری (ت)ی. |
| مر | مر + ان = مران | (کاری (د)ی. |

ب.کاری تێنەپەڕ : وەکو دەزانین کاری دەمی ڕابردوو دروست دەبێت بە قرتاندنی (ن) ی چاوگ، وەك :ئـێشان = ئـێشا ، ڕمیـان = ڕمیـا ....هتـد. بـەڵام ئـەوەی بـە پێـی دەستووری وشەسازییە، کاری تێنەپەڕی دەمی ئێستایە .
ئەم (دەم) ە دروست دەبێت بە ( ڕەگی کار + ڕاناوی لکاو)وەك:

| ڕەگ | + | ڕاناو | = | کار |
|---|---|---|---|---|
| ١. خەف | + | یٚ | = | خەفیٚ .......(کاری (ت)ی |
| خەف | + | م | = | خەفم |
| خەف | + | ت | = | خەفت .......هتد . |
| ٢. کچ | + | یٚ | = | کچیٚ .......(کاری (ا) ی |
| کچ | + | ین | = | کچین . |
| دەو | + | م | = | دەوم .........(کاری (ی)ی |
| دەو | + | ن | = | دەون ......هتد. |
| ٣. مر | + | یم | = | مریم .........(کاری( د) ی |
| مر | + | ی | = | مری |
| مر | + | ن | = | مرن ..........هتد. |

ئێستا با سەیری ئەمانەی خوارەوە بکەین:

| ڕەگ | تێپەڕی ڕابردوو | تێپەڕی ئێستا | تێنەپەڕی ئێستا |
|---|---|---|---|
| خەف | خەفان | خەفنێ | خەفێ |
| کچ | کچان | کچنێ | کچێ |
| دەو | دەوان | دەونێ | دەوێ |
| مر | مران | مرنێ | مرێ |

ئا، بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەست لە چۆنیەتی دروست بوونی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ کاری هاوڕەگە .

تێبینی:

١. کاری (ا) ی تێپەڕ و تێنەپەڕە .
٢. کاری (ت)ی تێپەڕ و تێنەپەڕە.
٣. کاری (د) ی تێپەڕە بێجگە لە (مرد).
٤. کاری (ن) ی گشت کاری (ن) ی تێپەڕە، بێجگە لە دەنگی سروشتی،کە تێنەپەڕە، وەك: قیژان، مران، زیڕان، وڕان......هتد.
٥. کاری (گ)ی تێنەپەڕە .
٦. کاری (وو)ی ناتەواوە.
٧. کاری (ی)ی تێپەڕ و تێنەپەڕە.

با ئەوەمان لە بیر نەچێت کە نەك گشت کارێك لە (تێنەپەڕ)ەوە دەبێتە تێپەڕ، بە پێی ئەم دەستوورە، بەڵکو ئەم دەستوورە بۆ شیکردنەوەیە و زانینی چۆنیەتی دروست بوونی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ کە لە یەك ڕەگ دروست دەبن، خۆ ئەگەر ئەمە دەستووری گشتی بێت، وا دەبێت کە کار نەبێت لە (تێنەپەڕ)ەوە نەبێت بە (تێپەڕ)، واتە ئێمە ناتوانین بڵێین : چوو + ان -چووان، یان: کەف +ان - کەفان، بەڵام ئەوەی دەبێت هەمیشەلە بیرمان بێت ئەوەیە کە هەندێکار تێپەڕ و تێنەپەڕ تەنیا لە یەك ڕەگەوە هاتوون، چونکە هەندێکی تر هەیە یان هەر تێپەڕن، یان هەر تێنەپەڕ،وەك:

| تێپەڕ | تێنەپەڕ |
| --- | --- |
| خست | کەفت |
| هیشت | ما |

۳.کاری کارا دیار و کاری کارا نادیار

ا.کاری کارا دیار: ئەو کارەیە کە کارا لە رستەدا دەردەکەوێت، وەك:

۱.شاواز ساوەیلەگە لەوەڕنێ .     ۲.نەوزاد سەرتاشییە .

ب.کاری کارا نادیار: ئەو کارەیە کە کارا لە رستەدا دەرناکەویچت و بەرکار جێگاکەی دەگرێتەوە،وەك:

۱.گامێشەگەم دزیاگە.     ۲.درەو کریاگە.

## چۆنیەتی گۆڕینی کاری کارا دیار بۆ کاری کارا نادیار

بەر لە ئەوەی نموونە بهێنینەوە،دەبێت ئەوە بزانین کە تەنیا کاری تێپەڕ دەبێتە کاری کارا نادیار.

۱.کاری ڕابردوو: کاری کارا نادیار دروست دەبێت بە لکاندنی نیشانەی نادیار (یا) بەدوای ڕەگی کارەوە + ڕاناوی لکاو :

ا. کاری ڕابردووی سادە

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
| --- | --- |
| ۱.میوانەیلەگە شام کردن. | ۱. شام کریا. |
| ۲.دڵبەر مناڵەیلەگە خەڵەتان. | ۲. منالەیلەگە خەڵەتیان. |
| ۳.تێریان کردم. | ۳. تێر کریان. |

ب. کاری بەردەوام

هەر وەك کاری ڕابردووی سادە دەبێتە کارا نادیار، چونکە هەردوو کارەکە، لە زاری کەڵهوڕیدا،وەك یەکن، لە وە بیرازی ئاوەڵکارێك کە بەردەوامی دەبەخشێت لەگەڵ کاری ڕابردووی بەردەوامدا دێت، وەك:

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
| --- | --- |
| ١. پەسا نان خواردن. | ١. پەسا نان خوریا. |
| ٢. پەسا چای دان . | ٢. پەسا چای دریا. |

ج.کاری ڕابردووی نزیك

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
| --- | --- |
| ١.جەیران قەزان کردگە. | ١.قەزان کریاگە. |
| ٢.ئەوان جفت کردنە. | ٢.جفت کریاگە. |
| ٣.باوە منالەیلەگە دییە. | ٣.منالەیلەگە دونیانە. |

د.کاری ڕابردووی دوور

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
| --- | --- |
| ١.ئاگاداریان کردبوو. | ١.ئاگادار کریابوون. |
| ٢.مێرزا گرتبوون. | ٢.مێرزا گریابوو. |

٢.کاری ئێستا :کاری کارا نادیار دروست دەبێت، بە لکاندنی نیشانەی نادیاری (یە) بەدوای ڕەگی کارەوە + ڕاناوی لکاو :

ا. کاری ئێستای سادە

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
| --- | --- |
| ١. فاطمە خوڕی ڕسیێ. | ١. خوڕی ڕسیەی. |
| ٢. شامار خانگەیان ڕمنیێ. | ٢. خانگەیان ڕمیەی. |
| ٣. منالەگە دەسی خوەیێ بڕیێ. | ٣. دەسی بڕیەی. |

ب.کاری ئێستای بەردەوام

ئەم کارە، هەر وەك کاری ئێستای سادە دروست دەبێت و جیاوازییان هەر ئەو ئاوەڵکارەیە کە دەلالەت لە بەردەوامی دەکات:

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
|---|---|
| ١.پەسا ئاو ئەڵونجیٚ. | ١.پەسا ئاو ئەڵونجیەیٚ. |
| ٢.هیٚمان باس کەن. | ٢.هیمان باس کریەیٚ. |

٣.کاری ئاینده: کاری کارا نادیار لە دەمی ئایندەدا، هەر وەك ئیٚستای سادە دروست دەبیٚت، بیٚجگە لەوەی کە ئاوەڵکاریٚك کە دەلالەت لە داهاتوودا دەکات لەگەڵ کاردا دیٚت،وەك:

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
|---|---|
| ١.سوو بارکەم ئەڕا باخچە. | ١. سوو بار کریەیٚ ئەڕا باخچە. |
| ٢.هەفتەی تر کامەران درەو کەیٚ. | ٢. هەفتەی تر درەو کریەیٚ. |

٣.کاری فەرمان: کاری کارا دیار دەبیٚتە کاری کارا نادیار بە (بیلا +ب+ ڕەگی کار+یە + ڕاناوی لکاو)

| کاری کارا دیار | کاری کارا نادیار |
|---|---|
| ١.قاپیەگە بچەکن. | ١.بیلا بچەکیەیٚ. |
| ٢.شکیەگەم بشوور. | ٢.بیلا بشووریەیٚ. |
| ٣.بجەڕنانەوە. | ٣.بیلا بجەڕیەتەوە. |

٤.کار لە ڕووی چەشنەوە: کار لە ڕووی چەشنەوە دەبیٚتە چوار بەشەوە:

أ-کاری ڕابردوو: کاری ڕابردوو دروست دەبیٚت بە قرتاندنی (ن)ی چاوگ، وەك :کیشان - کیشا، گلانن - گلان، داگرتن - داگرت، کردن -کرد، خەفتن - خەفت، بڕین -بڕی . بەڵام کاری یان چاوگی (بوون،چوون) کە (ن)ەکەیان بقرتیٚت دەبنە کاری ئیٚستا، وەك: بوون -بوو " چوون -چوو.

گشت کاریٚك لە کوردیدا دەبیٚت لەگەڵ ڕاناوی لکاودا بیٚت، نموونە:

١. کیشا_م. (کەسی یەکەمی تاك)

٢. کیشا_یم. (کەسی یەکەمی کۆ)

٣. کیشا_ی (کەسی دووەمی تاك)

٤. کیشا_ین (کەسی دووەمی کۆ)

٥. کیشا،____ (کەسی سیٚیەمی تاك )ڕاناو لیٚرەدا دەرناکەویٚ.

٦.کیشا_ن   (کەسی سێیەمی کۆ)

<u>نـەفی ڕابـردوو:</u> کـاری ڕابـردوو نـەفی دەکرێـت بـە لکانـدنی پێشـبەندی (نـە) بـە پـێش کارەوە بۆ گشت کەسەکان:

١. نەهات. (کەسی سێیەمی تاك).
٢. نەهاتن. (کەسی سێیەمی کۆ)
٣. نەهاتی. (کەسی دووەمی تاك).
٤. نەهاتین. (کەسی دووەمی کۆ)
٥. نەهاتم.  (کەسی یەکەمی تاك)
٦. نەهاتیم. (کەسی یەکەمی کۆ).

ب. <u>کاری ئێستا</u>: بەم چەشنە دروست دەبێت:

١. (ڕەگی کار + ڕاناوی لکاو) - کاری تێنەپەڕ، وەك:

مر+یٚ -مریٚ " مر+ن - مرن " مـر+ی - مـری " مـر+ین -مـرین " مر+م -مـرم " مر+یم -مریم .

٢. (ڕەگی کار + ن+ ڕاناوی لکاو) - کاری تێپەڕ، وەك:

مر+ن +یٚ - مرنیٚ " مر+ ن+ن -مرنن " مر+ن +ی -مرنـی" مـر+ن +یـن- مـرنین " مـر + ن+م -مرنم" مر +ن+یم -مرنیم .

<u>نەفی کاری ئێستا</u>:کاری دەمی ئێستا نەفی دەکرێت بە لکانـدنی پێشـبەندی (نیـە) بـە کارەوە وەك:

| مثبت(پۆزەتیف) | نەفی(نێگەتیف) | مثبت (پۆزەتیف) | نەفی (نێگەتیف) |
|---|---|---|---|
| ١.گرم | نیەگرم | کەفم | نیەکەفم |
| ٢.گری | نیەگری | کەفی | نیەکەفی |
| ٣.چرن | نیەچرن | کەفیٚ | نیەکەفیٚ |
| ٤.سەرنیٚ | نیەسەرنیٚ | کەفیم | نیەکەفیم |
| ٥.خوەنیٚ | نیەخوەنیٚ | کەفین | نیەکەفین |
| ٦.کارکەین | کارنیەکەین | کەفن | نیەکەفن |

ج–فەرمان:فەرمان زەمانی ئێستاو داهاتوو دەگرێتەوە ودوو جۆرە:

١) فەرمانی ڕاستەوخۆ: لەگەڵ کەسی دووەمی تاك و کۆ بە کار دێت و بەم جۆرەی خوارەوە دروست دەبێت:

أ_ ب +ڕەگ(کەسی دووەمی تاك) = ب + نیش = بنیش .

ب +ڕەگ+یە = ب + رم+یە =بڕمیە.

ب _ب +ڕەگ +ڕاناو (کەسی دووەمی کۆ): ب +کە +ن =بکەن.

ب +ڕەگ +یە +ڕاناو = ب +گل +یە +ن =بگلیەن.

ح_ ب +ڕەگ +ن (کەسی دووەمی تاك _ کاری (ن)ی

ب + کڕ +ن =بکڕن.

ب +ڕەگ +ن +ڕاناو (کەسی دووەمی کۆ _ کاری (ن) ی:

ب + ڕم +ن +ن =بڕمنن.

د_ ب + ئێستا(کەسی دووەمی تاك _ (کار _ بوون و چوون):

ب + بوو = ببوو (بوو لە کۆکردن دا)

ب +چوو = بچوو

نەهی فەرمانی ڕاستەوخۆ: فەرمانی ڕاستەوخۆ نەهی دەکرێت بە ئامرازی ( مە _ نە) ،وەك:

| | فەرمان _ ئەرێ | فەرمان _ نەرێ | فەرمان _ نەرێ |
|---|---|---|---|
| i. | بچوو | مەچوو | نەچوو |
| ii. | بکەن | مەکەن | نەکەن |
| iii. | لێ بدە | لێ مەدە | لێنەدە |
| iv. | لێ بدەن | لێ مەدەن | لێ نەدەن |
| v. | لائەڵکەرەوە | لائەڵمەکەرەوە | لائەڵنەکەرەوە |
| vi. | لائەڵکەرەوە | لامەڵکەرەوە | لانەڵکەرەوە |

وەکو لە ڕستەی (هـ _ و) دیارە، ئامرازی نەهی (مە _نە) جارێك لە پێش ڕەگی کارەوە دێت، وەك لە ڕستەی( هـ ) جارێك لە پێش پێشبەندەوە (ئەڵ) دێت وەك لە ڕستەی( و): مەئەڵکەرەوە = مەڵکەرەوە : لێرە (ئە) قرتاوە بۆ ڕەوانیی گۆکردن.

هەردوو ڕستەی (هـ _ و) ڕاستن، بەڵام من پێشنیاز دەکەم کە ڕستەی (هـ) بەکار بێت بۆ کاری ئەدەبی.

٢) فەرمانی ناڕاستەوخۆ: ئەم (صیغە)یە بەم جۆرە دروست دەبێت (بیلا + کاری ئنشائی)، وەك: بیلا بچم.

لەڕاستی ئەمر لێکراو کەسی دووەمی تاك و کۆ، بەڵام کار لە لای کەسێکی ترەوە دەکرێت. با بەم جۆرەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە: کە من وتم :بیلا بنیشیٚ، من لە کەسی دووەمی تاك یان کۆ داوا دەکەم، نەك خۆی، خۆیان دابنیشن، لە کەسی سێیەم کە لەوره نییە یان لە قسەکەران نییە دانیشێت.

ا. حەمە توای بچوو، بچوو یانە ؟

ب. بیلا بچوو، واتە (بیلا حەمە بچوو).

ئەم صیغەیەش وەکو ڕاستەوخۆ، واتە لە دۆخی ئەریٚ و نەرێدا، لەوە بترازیٚ(نە) لە دۆخی (نەهی) نەرێدا، بەکار دێت :

| ا_ دۆخی ئەریٚ | ب_ دۆخی نەریٚ (نەهی) |
|---|---|
| ١. بیلا بچم. | ١. بیلا نەچم. |
| ٢. بیلا بووسن. | ٢. بیلا نەوسن. |
| ٣. بیلا قسە بکەیم. | ٣. بیلا قسە نەکەیم. |
| ٤. بیلا هەڕەشە بکەن. | ٤. بیلا هەڕەشە نەکەن. |
| ٥. بیلا دەربچین. | ٥. بیلا دەرنەچین. |
| ٦. بیلا بگیریٚ. | ٦. بیلا نەگیریٚ. |

لێرە دەبینین کە (بیلا) لەگەڵ گشت کەسەکاندا دێت.

٤_کاری ئنشائی: کاری ئنشائی دروست دەبێت بە :

ا) نووساندنی ( ب) بە کاری ڕابردووەوە + ا +ڕاناوی لکاو = کاری ڕابردوو.

ب) نووساندنی (ب) بە ڕەگەوە +ڕاناوی لکاو = کاری ئێستا. نموونە:

| ١_کاری ئێستا | ٢_کاری ڕابردوو |
|---|---|
| ا. بکەم | ا. بکردام |
| ب. بمرن | ب. بمردان |
| ح. بکاڵیٚ | ح. بکاڵیا |
| د. بماڵن | د. بماڵیان |
| ه. بگریم | ه. بگرتایم |
| و. بخوەین | و. بخواردایِن |

نەفی کاری ئنشائی: کاری ئنشائی نەفی دەبێت بە (نە + کار)،وەك:

١_ ئنشائی ئێستا_ نەرێ

i. نەکەم
ii. نەمرن
iii. نەکاڵێ
iv. نەماڵێ
v. نەگریم
vi. نەخوەین

٢_ئنشائی ڕابردوو _ نەرێ

ا. نەکردام
ب. نەمردان
ح. نەکاڵیا
د. نەماڵیان
ه. نەگرتایم
و. نەخواردااین

٥. کار لە ڕووی کات_ەوە: کار لە ڕووی کاتەوە دەبێتە سێ بەشەوە:

i. کاری دەمی ڕابردوو.
ii. کاری دەمی ئێستا.
iii. کاری دەمی ئایندە.

ا. کاری دەمی ڕابردوو: ئەم دەمە دەبێتە چوار بەشەوە:

١. ڕابردووی سادە: ڕووداوێك دەردەبڕێت کە لە ڕابردوودا تەواو بووبێت:

ا. پارەکە واران کەم واری . ب. دۆیەشەو خانگەکەمان تەکەکرد.

٢. ڕابردووی بەردەوام: پیشانی ڕووداوێك دەدات کەلە ڕابردوودا دەستیپێکردبێت و بۆ ماوەیەك خایاندبێتی، وەك:

ا. وەختێ هاتم تووپا پەسا ناوماڵ ماڵی.

ب. وەختێ هاتنەو ناو، باپیر پەسا نماز کرد.

٣. ڕابردووی تەواوی نزیك: دروست دەبێت بە (ڕابردوو +کاری بوونییاریدەدەر (ە) بۆ گشت کەسەکان: هات +ڕاناو+ (ە) -هاتمە.

دودی[٣] تا کاتی قسەکردن هەر مابووبێت، وەك:

ا. سەلام ئەڵشکیاگە.

ب.ئەوان خاس کوردی چاشبانە.

٤. ڕابردووی تەواوی دوور: (ڕابردوو + کاری بوونی یاریدەدەر).

کرد +بوو -کردبوو " خوارد + بوون -خواردبوون........هتد.

---

[٣] تاثیر.

بۆ دەربڕینی کارێك لە ڕابردوودا ڕوویدابووبێت و پێش کارێکی تر،لە ڕابردوودا، تەواو بووبێت، بەکار دێت،وەك:

أ.وەختیٚ کەرەم هاتەوە، تووبا شق کردبوو.

ب.هێمان کەس نەخەفتبوو،خودای کردە ماڵدا.

ب. کاری ئێستا: کاری ئێستا دەبێتە دوو بەشەوە:

١. ئێستای سادە :ئەم کارە ئەمانەی خوارەوە دەردەبڕێت:

I) ڕاستی:زەو وەدەوری خوەرەوە خڕخوەیٚ.

تاوسانی بەغدا گەرمە.

II) پیشە :شەوەکیان زوو لە خەو ئەڵم.

سیروان گیشت رووژیٚ سەر شووریٚ.

ج) نەریت: گاوڕ گوشتی وەراز خوەێگ.

لە مانگی ڕەمەزان رووژگ گریم.

٢.ئێستای بەردەوام: بۆدەربڕینی کارێك لە ڕابردوودا دەست پێکردوو بێت و لە کاتی قسەکردندا بەردەوام بێت، وەك:

أ. ئەوە چە کەنن ؟ ب.پەسا جوو کەنن.

أ.باوگت لە ماڵ چە کەیٚ ؟ ب.پەسا کەیٚ ودانی پەسەیلەگە کەێك.

ح.کاری ئایندە: لە زاری کەڵهوڕیدا، کاری ئایندە یەك چەشنی هەیە ئەوەیش کاری سادەیە . ئەم کارە کردەیەکی لە داهاتوودا دەردەبڕێت و ئاوەڵکارێك کە دەلالەت لە داهاتوو بکات، لەگەڵدا بەکار دێت:

١. شەممە سوو چوو ئەڕا ڕاو.

٢. مانگی تر عومرم بوو وە چل ساڵ.

٣. سیٚ _ چوار ساڵی تر، نەخوەنەواری لە عراق نیەمینیٚ .

٤. دو سو باوگم تێیگەوە.

٥. باناشەو کاکەخان دەزوورانی کەیٚ.

٦.کار لە ڕووی ئەرك_ەوە: کار لەڕووی ئەرکەوە دەبێتە:

أ. گوزارە (خبری) ، ب. فەرمان

ج. ئنشائی ، د. سەرسامی

أ_ گوزاره (خبری) : ئەم چەشنەدا بۆ دەربڕینی ڕووداو و هەست و نەست و خواستی جۆراو جۆر بەکار دێت، بەبێ ئەوەی بەسترابێت بە هیچ شتێکەوە و گشت کاتەکان دەگرێتەوە :

١. حەزکەم سەربدەم لە مەمووم لە سلێمانی .
٢. کەس بێرام لەی ناوە نە دییە ؟
٣. پیرارەکە واران شاڵ بوو.
٤. کارەگەیان، سەر نیەگرێ.
٥. هێمانی زۆیە .کەمی تر بچن.
٦. وەختێ چگمەو ناو مەلا پەسا قورئان (قوران) خوەنی.
٧. باڵی شەوەگەم ئەڵچیابگە.
٨. وەختێ شامار هاتەوە، گەوهەر پە سا مەشکە ژەنی.
٩. دەنگی قوڕەی گا نیێەگە گووشم.
١٠. نەگەیە (گەدە) بوو وە پووس، نەدژمن بوو وە دووس .(پەند).
١١. کی ماڵمان نیشانیاندا ؟
١٢. دوسێ رووژی تر جفت کەن .
١٣. باناشەو ئەوەڵی وەهارە.
١٤. زمانی گەرمەسیر خوەشە.
١٥. هێمان کەس پێیان نیەزانی.

ب. فەرمان: کاری فەرمان ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبینێت:
١. ئەمر، داوا، تکا:
أ . لاچن لە لام.(ئەمر).
ب . کەمدەسە، کومەکی بکەن .(داوا)
ج . ئەرا خاتری خودا، واز بارن .( تکا)

٢_ پاڕانەوە: تەخودا ئەڵگرەم ئەدلی خوەت (د)ا.
٣_مکیس کردن[٤]: فەرموو بنیش . نان بخوەن .

[٤] مکیس: دعوە

٤_مەرج: دیناریێ بدە پێم، تا بەشت بدەم.

٥_ئامۆژگاری:دەرسەگەت بخوەن . کومەکی باوگت بکە.

٦_ڕێگادان : ا _ بچم ئەڕا سینەما ؟ ب_ بچوو.

٧_هەڕەشەکردن گویێ نەدان : هەرچگ کەن بیلا بکەن.

بیلا وەداخەوە بمریێ.

بیلا مەردم پێیان بخەنیێ.

٨_تأکید کردن : ا .کووە سالار ؟

ب . لە مالێ نییە.

ا . بزان لە ماڵی میمگی نییە .

ج. ئنشائی : چەشنی ئنشائی ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبینێت:

١. دەربڕینی خوزگە: – خوەزەو بهاتام ئەڕا لای .

– کەشکا کوردی خاس بزانسام.

٢. دووعا کردن: خودا راسیان یاویێ.

کڕی داود وەدەورتانەوە بوو.

٣. نوورکردن (الدعاء علی):خودا کردم ملی شکیا .

بچوو کردەی کوو نەگریێ.

٤. (تحذیر): نەکەی بچی ئەڕا ماڵیان .

نەکەی دەس لە چێشتیێ بدەی.

٥. دەربڕینی نیاز (مەبەست): چۆ ئەڕا بازار پارچە بسێنیێ.

ئاوی بدە تا بلەوەڕیێ.

٦. دەربڕینی مەرج: ئەکەر براِن، رەسن وەپیان(د)ا.

ئەگەر قسەگە ڕاس بوو، کارمان وێڵە.

کەی چەشنی (ئنشائی) بەکار دەهێنرێت

چەشنی ئنشائی لەم شوێنانەی خوارەوە بەکار دەهێنرێت:

١. لەگەڵ ئامرازی خوەزگە : خوەزەو نەهاتام.

کە شکا بمردام.

٢. ئامۆژگاری: لا لێیان بگری.

سەر لە باوگت بدەی.

۳. دەربڕینی خواست: تواسم بچم ئەڕا ماڵیان.
حەزکەم لە لاتان بمینمەوە.
٤. دەربڕینی مەبەست: چگ ئەڕا بازاڕ ئارد بسینیۆ.
موو بچم منەی کارێگ بکەم.
٥. لەگەڵ فەرمانی ناڕاستەوخۆدا: بیلا_بچنە ڕێیەوە.
٦. لە ڕستەی پرسیار کە دروست دەبێت بە ئامڕازی پرسیار:
– ئەڕا بچنە ڕێیەوە ؟ – کەیۆ بامەوە؟
۷. نیاز: هاتم بچم و نەچگم.
هات واز باریۆ لە کارەگەی.
۸. دەربڕینی (امکانیە): وەخت بوو بخنگی لە ئاو.
هیچ نەمابوو بگرنەمان.
۹. پێشنیاز : ئەریۆسەر نەدەیم لە مەلا غەریب؟
ئەریۆ چاییۆ ئەڕامان نیەکەی؟
۱۰. سەرسامی: ئەی هەر لە ماڵ بنیشم!
ئەی خاسە سەری مەردم بخەڵەتنی!
۱۱. لە ڕستەی مەرج: ئەگەر بەهاتا، خوەرم کردن.
ئەگەر کار نەکەی،نیەژێی .

د.سەرسامی: ڕستەی سەرسامی هەست و نەستێکی توند و تایبەت دەردەبڕێت دەربارەی شتێك، هەڵوێستێك، کەسێك......هتد.

بۆ پیشاندانی سەرسامی، دوو جۆرە ڕستە بەکار دێت:
i. چەماڵیان دوورە!
ii. ئاخ چەنیۆ ملهوڕی!
iii. ماشاءالله لەیۆ ساڵە، یە چۆن گیرپاگە!
iv. چمان هەر ئەو هەس، دی کەسیتر نییە!
۲.بە ئاوازی دەنگ و هۆنینەوەی وشە، وەك:
i. ئەوە میرمانە!
ii. لاچوو. من لاچم!
iii. ئووخەیش لەیۆ دەمە!

٧_كار_ ڕوواڵەت: مەبەست لە ڕوواڵەت جۆری ڕووەکانی کارە، وەك ڕووی کەسی (کەسی یەکەم و دووەم وسێیەم، تاك و کۆ)و کردەوە: کردەوەی تەواو و ناتەواو، چەشنی کار، کات و هێز........هتد.

کار، لە زاری کەڵهوڕیدا، بە پێی ڕوواڵەت، دەبێتە سێ بەشەوە:

I. کاری تەواو: ئەو کارەیە کە گشت ڕەواڵەتی کاری هەیە، بۆ نموونە: (داگیرسانن).

١. لە ڕووی کەسییەوە:

أ. من_ مە داگیرسنم.

ب. تە داگیرسنی.

ج. ئەو داگیرسنیٚ.

د. ئیمە داگیرسنیم.

ه. ئیوە داگیرسنین.

و. ئەوان داگیرسنن.

٢. لە ڕووی کردە_ەوە: بەتەنیا واتای تەواو دەبەخشێت:

کاکەخان سەر باسەگە داگیرسان.

٣. کات:

I. داگیرسانم . (ڕابردوو).

II. داگیرسنم. (ئێستا).

٤.هێز: تێپەڕە، واتە بەرکار وەردەگرێت : کاکەخان سەری باسەگە داگیرسان.

٥.چەشن:

i. ڕابردوو : کاکەخان سەری باسەگە داگیرسان.

ii. ئێستا: کاکەخان سەری باسەگە داگیرسنیٚ.

iii. فەرمان: کاکەخان سەری باسەگە داگیرسن.

iv. ئنشائی : خوەزەو سەری باسیٚ ئەڕامان داگیرسنی.

ب. کاری ناتەواو: ئەو کارەیە گشت ڕوواڵەتەکانی کاری تێدانییە، ئەو کارانەش ئەمانەی خوارەوەن:

١.بوون: ئەم کارە ناتەواوە، چونکە پێویستی هەیە بە تەواوکەرێك،(بەرکاری تەواوکەر)، تاکو واتا ببەخشێت:

I. سالار بۆ وە چە ؟

II. سالار بۆ ......

لێرە واتای تەواو نییە، بەڵکو ئەگەر تەواوکەرێك لەگەڵیدا هات، ئەوسا واتاکەی تەواوە:

ب_ سالار بۆ وە شوان. (تەواوکەر)

٢_دانیشتن: ئەم کارەیش پێویستی بە تەواوکەرێك هەیە:

ا_ تە چەن کوڕ دێری ؟

ب_من سێ کوڕ دێرم. (تەواوکەر)

ا .پارەکە چەن باخ دایشتن ؟

ب .سێ_ چوار باخ دایشتن. (تەواوکەر)

ئەم کارە لە چەشنی فەرمانی ڕاستەوخۆ نایێت.

٣.تواستن _ ویستن: ئەم کارە، وەك کارێکی ناتەواو، دەبێت لەگەڵ کارێکی تردا لە شێوەی ئنشائی،بێت .ئەم کارە لە دوو ڕووەوە ناتەواوە:

| ٦. | (هـ) | هووز | هـ وو ز | hûz |
| ٧. | (ح) | وڕحەو | و ید ڕ ح ە و | wiř ĥeu |
| ٨. | (خ) | خاوێر | خ آ و ێ ر | xawêr |
| ٩. | (د) | دووس | د وو س | dûs |
| ١٠. | (ز) | زاڵ | ز آ ڵ | za:L̂ |
| ١١. | (ژ) | قژ | ق ید ژ | qij |
| ١٢. | (ر) | ئاگر | آ گ ید ر | a:gir |
| ١٣. | (ڕ) | ڕەو | ڕ ە و | řew |
| ١٤. | (س) | ستەم | س ید ت ە م | sitem |
| ١٥. | (ش) | شڵ | ش یدڵ | ŝ I L̂ |
| ١٦. | (ع) | عەیب | ع ە ێ | âeyb |
| ١٧. | (غ) | غیرەت | غ ی ر ە ت | xîret |
| ١٨. | (ف) | گەزاف | گ ە ز آ ف | geza:f |
| ١٩. | (ڤ) | گڤ | گ ید ڤ | giv |
| ٢٠. | (ق) | قەپ | ق ە پ | qep |
| ٢١. | (ك) | كوڵنان | ك و ڵ ن آ ن | kuL̂na:n |
| ٢٢. | (گ) | گەوج | گ ە و ج | geuJ |
| ٢٣. | (ل) | قول | ق و ل | quL̂ |
| ٢٤. | (ڵ) | پەڵپ | پ ە ڵ پ | peL̂p |
| ٢٥. | (م) | مەرگ | م ە ر گ | merg |
| ٢٦. | (ن) | ناز | ن آ ز | na:z |
| ٢٧. | (نگ) | لەنگ | ل ە نگ | Leŋ |

## نیمچە بزوێن _ Semi _vowel

هەرچەندە هەندێك لە زانایانی زمانی كوردی دەنگی (و) و (یـ) بە نیمچە بزوێن دادەنێن، ئەوەیش لاسایی كردنی زمانەوانە بێگانەكان، بەلای منەوە ئەم دوو دەنگە كۆنسنانتن.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١. | (و) | وڕ | و ید ڕ | wiř |
| ٢. | (ی) | ی | یـ آ ڵ | ja:L̂ |

## شوێنی دەنگە کۆنسنانتەکان لە وشەدا

ئەگەر سەیری ئەم لیستەی خوارەوە بکەین دەبینین لە سێ _ چوار دەنگ بترازێت، دەنگەکان لە پێش و ناو وپاشی وشەوە دێن:

| | دەنگ | پێش | ناو | پاش |
|---|---|---|---|---|
| ١. | (ب) | بەر | گووبەن | نایاب[٢٤] |
| ٢. | (پ) | پەڕ | ریپگ | گوپ |
| ٣. | (ت) | تێول | کوتەك | بت |
| ٤. | (ج) | جەرگ | پنجڵ | گورج |
| ٥. | (چ) | چاکڵ | گیچەڵ | کوچ |
| ٦. | (ه) | هار | وەهار | دەه |
| ٧. | (ح) | حەیا | وڕحەو | رح |
| ٨. | (خ) | خاس | سیخوڕ | سیمرخ |
| ٩. | (د) | داستان | سادە | دەرد |
| ١٠. | (ز) | زەنگ | سزا | واز |
| ١١. | (ژ) | ژەنگ | هەیژدە | کەژ |
| ١٢. | (ر) | ـــــ | گریە | هاوار |
| ١٣. | (ڕ) | ڕێ | قوڕگ | لەڕ |
| ١٤. | (س) | سازگار | هەراسان | هەناس |
| ١٥. | (ش) | شەرم | کەشك | ریش |
| ١٦. | (ع) | عەینەك | بەعە | ـــــ |
| ١٧. | (غ) | غار | پێغەمەر | ـــــ |
| ١٨. | (ف) | فرە | سفت | کەف |
| ١٩. | (ڤ) | ڤنگە | هەڤدە | گڤ |
| ٢٠. | (ق) | قورینجگ | چەقەڵ | لەق |

[٢٤] لەم زاردا، هەر وشەی نایاب هەیە کە دەنگی (ب) لە پاشەوە بێت

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١. | (ك) | كوور | كەلەكە | يەكسان |
| ٢٢. | (گ) | گەن | هەگوە | مەرگ |
| ٢٣. | (ل) | لانە | پەلامار | شل |
| ٢٤. | (ڵ) | ____ | پەڵك | گەڵ |
| ٢٥. | (م) | مامر | بيمار | سم |
| ٢٦. | (ن) | نان | گننە | ژيان |
| ٢٧. | (نگ) | ____ | جەنگەڵسان | پەنگ |

## نيمچە بزوێن

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. (و) | وڕا | گوان | ____ |
| ٢. (ی) | يار | ديار | ____ |

## ئەنجام

لەم ليستەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە :

١. دەنگی (ع، غ، و، ی) لە پاشەوە نايەن.

٢. دەنگی (ر، ڵ، نگ) لە پێشەوە نايەن.

٣. دەنگی (د) لە وشەی يەك بڕگە لە ناوەوە نايێت و ئەو وشانەی كە ئەم دەنگە (د) لە ناوەيەوە دەست دەكەوێت، لە يەك بڕگە زياترن، وەك ( سا/ دە).

٤. دەنگی (و، ی) هەميشە كۆنسنانتن .

٥. دوو دەنگی كۆنسنانت، لەسەر يەك لە پێشەوە و لە پاشەوە دێت، وەك (برا، شوان) لە پێشەوە، (گەرم، نەرم) لەپاشەوە.

## ٢_دەنگی بزوێن

وەكو دەبينين لە (كليلی دەنگەكان) شانزە (١٦) دەنگی بزوێن هەيە لەم زارەدا . دەنگی بزوێن هەر وەك دەنگی كۆنسنانت فۆنيمە . دەنگە بزوێنەكان دەبن بە دوو بەشەوە بەپێی ژمارەی دەنگ :

أ. **بزوێنی یەك لانە**: واتە لەیە دەنگی بزوێن پێکهاتووە :

| دەنگ | وشە | ڕەمزی کوردی | ڕەمزی لاتینی |
|---|---|---|---|
| ١. (ا) | ماڵ | م ا ڵ | maL̂ |
| ٢. (آ) | تاڵآن | ت ا ڵ آ ن | taL̂ a:n |
| ٣. (ە) | کەرە | ك ە ر ە | kere |
| ٤. (ێ) | لێڵ | ل ێ ڵ | LêL̂ |
| ٥. (و) | کول | ك و ل | kuL |
| ٦. (وو) | دووم | د وو م | dûm |
| ٧. (ید) | هل | ه ید ل | hiL |
| ٨. (ی) | چین | چ ی ن | ćîn |

لەم لیستەدا دیاردەدا کە دەنگە بزوێنەکانی یەك لانە دەبن بە دوو بەشەوە بەپێی درێژی دەنگ :

١. دەنگی (ا، ە، ێ، و، ید) کورتن.
٢. دەنگی (آ، وو، ی) درێژن.

ب. **بزوێنی دوو لانە** : ئەگەر دوو بزوێن کەوتنە شوێنی یەکتری لە یەك برگەداو شێوەی ئاوازی هاوبەشیان وەرگرت، بەو دوو بزوێنە دەوترێت بزوێنی دوو لانە. بزوێنە دوو لانەکان ئەمانەن :

| دەنگ | وشە | ڕەمزی کوردی | ڕەمزی لاتینی |
|---|---|---|---|
| ١. (اێ) | ماێ | م اێ | maê |
| ٢. (ای) | ئای | ا ی | ay |
| ٣. (او) | ڕاو | ڕ او | r̂aw |
| ٤. (ەو) | کەو | ك ەو | keu |
| ٥. (ەی) | دەی | د ەی | dey |
| ٦. (ەێ) | لەێ | ل ەێ | Leê |
| ٧. (وێ) | مۆ | م وێ | muê |
| ٨. (ێو) | پەشێو | پ ە ش ێ و | peŝêw |

## ٣_دەنگی کپ

دەنگی کپ ئەو دەنگەیە کە لە کاتی گۆکردندا ژێیەکانی دەنگ نالەرزنەوە . دەنگە کپەکان (کەمدەنگەکان) ئەمانەی خوارەوەن:

| دەنگ | وشە | رەمزی کوردی | رەمزی لاتینی |
|---|---|---|---|
| ١. (پ_p) | پووڕ | پ وو ڕ | p û r̂ |
| ٢.(ت_ t) | تانجی | ت آ ن ج ی | ta:ncî |
| ٣.(چ_ć) | چەپ | چ ە پ | ć e p |
| ٤.(هـ_ h) | هەناز | هـ ە ن آ ز | h e na:z |
| ٥.(ح_ ĥ) | حەز | ح ە ز | ĥ e z |
| ٦.(ف_f) | فەڕ | ف ە ڕ | f e r̂ |
| ٧.(س_ s) | ساو | س آ و | s a:u |
| ٨.(ش_ŝ) | قەشاو | ق ە ش آ و | q e ŝ a:u |
| ٩.(ك_k) | کەژاوە | ك ە ژ آ و ە | k e ja:we |
| ١٠.(خ_x) | خوڵ | خ و ڵ | xuL̂ |

## ٤_دەنگی دەنگدار

دەنگی دەنگدار ئەو دەنگەیە کە لە کاتی گۆکردندا، ژێیەکانی دەنگ دەلەرزنەوە . دەنگدارەکان، بێجگە لە دەنگە کپەکان (پ، ت، چ، هـ، ح، ف، س، ش، ك، خ) سەرپاکی دەنگە کۆنسۆنانتەکان و گشت دەنگە بزوێنەکان و نیمچە بزوێنەکان دەگرێتەوە. بڕوانە: (١_دەنگی کۆنسۆنانت ) و (٢_ دەنگی بزوێن).

## ٥_دەنگی قەڵەو و لاواز

بەپێی پێناسینی فۆنیم، قەڵەوی و لاوازی دەنگ، لە زاری کەڵهوڕیدا، دیارترین و چالاکترین فۆنیمن .ئەمەش لە دوو دەنگ خۆی دەنوێنێت :

أ . دەنگی (ل _ڵ)

١. پەل _ چل _ شل _کەل _کول ... هتد. (دەنگی ل لاوان)

٢. پەڵ _ چڵ_ شڵ_ کەڵ_کوڵ ... هتد. (دەنگی ڵ قەڵەو)

وەکو دەبنین ئەم دوو ڕیزە وشانە هەر وەکو یەکن، واتە وشەکانی (١ ) وەکو (٢) ن لە ژمارەی پیت وبڕگە، بەڵام جیاوازن لە دەنگی (ل _ ڵ) کە دوو فۆنیمن جیاوازن کە بووەتە جیاوازی لە واتا . با نموونەیەکی تر بێنینەوە کە لە یەك بڕگە زیاتر بێت:

١.کەلەکە _کولی _کولانە ... هتد. (ل _ لاوان)

٢.کەڵەکە _کوڵی _کوڵانە ... هتد. (ڵ _ قەڵەو)

ب. دەنگی (ر _ڕ):

١. بەر_جار_ گەر_ وەڕ پەر ... هتد. (ر_ لاوان)

٢. بەڕ_جاڕ_ گەڕ_ وڕ پەڕ ... هتد. (ڕ_ قەڵەو)

هەروەکو دەبینین گشت وشەکان (١) وەکو وشەکانن لە (٢) دا،هەر وشەیەك لە یەك بڕگە پێکهاتووە و پیتەکانیان بەقەد یەکن، بەڵام ئەوەی جیاوازی بێت لە بەینیاندا، دەنگی قەڵەو و لاوازە (ر _ڕ) ، کە ئەوەیش بووەتە هۆی جیاوازی واتاکانیان . دیسان با نموونەیەکی تر بێنینەوە کە لە یەك بڕگە زیاتر بێت :

١. سەرە _ کەرە _ مرانن ... هتد. (ر_ لاوان)

٢. سەڕە _ کەڕە _ مڕانن ... هتد. (ڕ_ قەڵەو)

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە چەند دەنگی قەڵەو و لاواز لەم زارەدا چالاکە .

**٦_هێز**

فۆنیمی هێز، لە زاری کەڵهوڕیدا، دەورێکی چالاك و دیار دەنوێنێت لە ڕوون کردنەوە و واتاو مەبەستی قسەکەر، هەروەها چەشنی بەشەکانی ئاخاوتن پیشان دەدات، ئەمە چ لە وشەو فرێز وچ لە ڕستەدا بێت، بۆ نموونە وشەی (هاتن) ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم (ˊهاتن)، دەیکات بە "کار" واتە پیشانی چەشنی وشە دەدات، بەڵام ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم (هاتنˊ) دەیکات بە "چاوگ". بەم جۆرە هێز دەورێکی باڵاو گرنگ دەبینێت لە ئاخاوتندا.

١_هێز لە وشە

I. گشت وشەی یەك بڕگە هێزدارە : پارˊ، دێر ˊ، جیڕˊ [٢٥]

II. گشت وشەیەك لە یەك بڕگە زیاتر بێت بڕگەی یەکەم بێهێزەو بڕگەی دووەم یان سێیەم هێزدارەو بەم جۆرەی خوارەوە:

---

[٢٥] ئەم نیشانەیە (ˊ)بۆ هێز دانراوە

١. ناو : خا/ وەر´ (بڕگەی دووەم هێزدارە)

هەر/ دە/شێر´(بڕگەی سێیەم هێزدارە)

٢.چاوگ: کەف/تن´ (بڕگەی دووەم هێزدارە)

دەر/کر/دن´ (بڕگەی سێیەم هێزدارە)

٣. ئاوەڵناو: سەو/نزە´ (بڕگەی دووەم هێزدارە)

با/ڵا/بەرز ´ (بڕگەی سێیەم هێزدارە)

٤. ئاوەڵکار: ئێ/رە´ (بڕگەی دووەم هێزدارە)

هەی/تا/هەیت´ (بڕگەی سێیەم هێزدارە

کار: بە پێچەوانەی ئەو چەشنی وشانەی سەرەوە بڕگەی یەکەم هێزدارە :

لە´ر/زین (٢ بڕگە. بڕگەی یەکەم هێزدارە) کار.

لەر/زین´ (٢ بڕگە . بڕگەی دووەم هێزدارە) چاوگ.

´نانەوە (٣ بڕگە . بڕگەی یەکەم هێزدارە) کار

نانەوە´ (٣) بڕگە . بڕگەی سێیەم هێزدارە) چاوگ

٢_هێز لە رستەدا: کاری ئاسایی لە کاری "بوون" هێزدارترە

أ. شەلن´ (ئەوان شەلن) ئاسایی .

ب. ´شەلن (ئەوان شەلن) "بوون" (شەل+ ن).

بەهۆی هێزەوە، دەتوانین دوو کاری (جیاواز ) لە دوو رستەی (هاوشێوە) لەیەک جیابکەینەوە: کاری ئاسایی و کاری (بوون_ناتەواو) . ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم، ئەوە دەبێتە کاری (بوون_ ناتەواو) وبەم جۆرە :

شەل :ئاوەڵناو

ن: کار_ کۆی کەسی سێیەم

´شەلن: بەڵام :

ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم، ئەوە دەبێتە کاری ئاسایی:

شەلین (چاوگ)

شەلێ (دەمی ئێستا) کەسی سێیەمی تاک

شەلن´ (کاری ئاسایی) کەسی سێیەمی کۆ

بەم جۆرە، جۆری ئاوازی دەربڕینی دەنگ : درێژ، کورت، بەرز، نزم، گیر، کراوە....هتد.دەور دەبینێت لە پیشاندانی جۆر و چەشن و واتاو مەبەست ....هتد. بێجگە لەمە دەتوانین بەهۆی هێزەوە، یەك ڕستەی (هاوشێوە) بە سێ جۆری جیاواز بێنینەوە و سێ ڕستەی جیاواز، لەڕووی چەشنەداوە، دروست بکەین.

أ. ´هاتەوە (خەبەر_ ئاسایی)

ب هاتەوە´؟ (پرسیار_ ئاوازی درێژ)

ج . هاتەوە´! (سەرسامی _ئاوازی درێژتر)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە پرسیار و سەرسامی هێز دەخرێتە سەر بڕگەی دواوە، جگە لەمەش ئاوازی دەنگ لە پرسیار لە ئاوازی دەنگ لە ئاسایی درێژترەو هی سەرسامی لە پرسیار درێژترە.

بەهۆی ئاوازی دەنگەوە، سێ ڕستەی جیاواز و جۆراوجۆر دروست بووە، ئەمەش ئەوە دەبەخشێت کە ئاوازی دەنگ زۆر چالاك و بەکارە.

## ٧_ بڕگە

بڕگە لەم زارەدا فۆنیمێکی چالاك و بەکارە، چونکە، وەکو لە خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت، دەورێکی بالای هەیە لە دەست نیشان کردنی واتاو چەشنی وشە. با سەیری وشەی (سەرد) بکەین و جارێك بەیەك بڕگە و جارێ بە دوو بڕگە بیخوێنینەوە:

I. /سەرد/ واتای (بارد) ە و ئاوەڵناوە . (یەك بڕگە)

II. (سە/رد) دوو وشەیەو یەکەمیان ناوە وبەرانای (راس) ەو دووەمیان ڕاناوە، بەلام کەی دەزانین و چۆن دەزانین یەك وشەی سەرەکییە یان دووانە، ئەمە بەهۆی گۆکردن بە بڕگە:

١. یەك بڕگە (/سەرد/) :ئاوی سەرد

٢. دوو بڕگە (سە/رد): سەرد ژان کرد

با ئەوەمان لە بیر بێت کە ئەو وشانەی ژمارەی بڕگەیان دەوردەبینێت لە واتای چەشنیان، لە یەك جۆری دەنگ و ژمارەی دەنگ و پیت پێك هاتوون، بۆ نموونە:

I. یەك بڕگە : (کارد)، (کەور)، (دانگ)، (بەرگ)

II. دوو بڕگە :(کار/رد)، (کە/ور)، (دا/نگ)، (بە/رگ)

## ژمارەی بڕگە لە وشەی سادەدا

١. یەك بڕگە: یاڵ _ بێڵ_ڕەنج_ چاڵ _برد
٢. دوو بڕگە: سارێژ_وەراز_ گاڵە_پژمە
٣. سێ بڕگە : کەمووتەر_تەڵەکە_پەشێمان_پەژارە

## ڕیزبوونی دەنگی کۆنسۆنانت لە بڕگە

١. دوو کۆنسۆنانت لە پێشەوە: گران، چراخ،برا، خوان
٢. دوو کۆنسۆنانت لە ناوەوە: نییە
٣. دوو کۆنسۆنانت لە دواوە: بەرد، گەرم، قرپ، چرچ مەبەست لە دوو کۆنسۆنانت لێرە، دوو کۆنسۆنانت لە شوێنی یەکتری لە یەك بڕگەدا

## ٨- وەستان و هاماج [٢٦] Pause & Space

وەستان واتە، "گت کردن"[٢٧] بۆ ماوەیەکی کورت لە ئاخاوتندا، کەلە بەینی بڕگەکانی وشە، هاماج، واتە دووری

لە ەینی وشەیەك و وشەیەکی تر لە نووسیندا، ئەم فۆنیمە،جارێك لە ئاخاوتن و جارێك لە نووسین، دیسان ڕۆڵێکی

گەورەو گرنگ دەبینێت لەم زارەدا، با سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەین ئەگەر یەکێك پرسی و وتی ، یان نووسی:

١. چەسەنی لە ڕێ ؟ لە وەڵامدا بەگوێرەی ئاخاوتن و نووسین تێدەگەین :

ا . میە لە ڕێ . واتە : مەڕ لە ڕێگا.

ب. میە لە ڕێ. واتە : مەڕێکی لەڕ.

نموونەیەکی تر :

٢. وە دەو هات ؟

ا نەوەڕێ. واتە : بەدەو نەهات، بە ڕێکردن هات.

ب نەوەرێ .واتە: کارێکی، هەڵوێستێکی ناماقوڵ.

---

[٢٦] من پێشنیازی وشەی "هاماج"دەکەم بەرانبەر بە (space)
[٢٧] بڕوانە "گەوهەری گەرمەسێر" نعمت علی سایە

ئا لێرەدا هەر بەهۆی وەستان و هاماجەوە واتای جۆراوجۆر و هەست و خواست و چەشنی وشە و رستە دەردەبڕین .

## ٩_ قرتاندن _ Omitting

قرتاندن، لێرەدا، واتە گۆ نەکردنی دەنگێك، یان چەند دەنگ لە ئاخاوتندا . لە زاری کەڵهوڕیدا ئەم دەنگانەی خوارەوە لە قسەکردندا دەقرتێن:

I. (ت) ئەم دەنگە بە گشتی، ئەگەر دوا دەنگ بوو دەقرتێت بە مەرجێك نەبێتە هۆی گۆڕینی واتاو چەشنی وشە، یان نەهێشتنی واتاو چەشنی وشە، بۆ نموونە:

١. کەفت : نابێتە کەف، چونکە واتاو چەشنی وشە دەگۆڕێت.

٢. چەفت : نابێتە چەف، چونکە واتاو چەشنی وشە لەناو دەبات.

بەڵام دەتوانین (ت) لە (دەست) بقرتێنین، چونکە نە واتاو نە چەشنی وشە دەگۆڕێت یا

ا. لەناوی دەبات: دەس

ب. لەناوەوە دەقرتێت : نەستەق ← نەسەق

دەستشوور ← دەسشوور

ب.دەنگی (د) ئەم دەنگە لە ناوەوە و لە دواوە دەقرتێت:

١. لە ناوەوە : مندەڵی ← منەڵی

چەرمەوەندی ← چەرمەوەنی

لە گۆکردندا، دیارە ئەم دنگە قرتاوە چونکە ئەو دەنگەی‌لە پێشییەوە دێت دوو بەرامبەر (تصعیف) دەکرێت و بە ڕەمز بەم جۆرە دەنووسرێت:

منەڵی = م ن ن ە ل ی ____ : mi nne Li

چەرمەوەنی : چ ە ر م ە و ە ن ن ی ____ : ć e r m ewenni

٢. لە دوای وشەوە : سوود ← سوو

بڵند ← بڵن

هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد، دەنگی پێش دەنگی قرتێنراو درێژدەکرێتەوە لە قسە کردندا و ئەو ڕاستییە دەردەخات کە جێگای دەنگێکی قرتێنراو دەگرێت.

٣. جاری وا هەیە، ئەم دەنگە (د) دەگۆڕێت بە (ێ) وەك:

مراد ← مراێ " خودا بەد نەدەێ ← خودا بەێ نەێ.

ح_ (ب) ئەم دەنگە لەناوەوە دەقرتێنرێت، بەتایبەتی لە داڕشتنی ئنشائی، بۆ نموونە :

بکردبام ⟵ بکردام

بمردبا ⟵ بمردا

بهاتبان ⟵ بهاتان

د_(ە) ئەم دەنگە دەقرتێت بەم جۆرەی خوارەوە هەستی پێدەکرێت :

١. کاوە قورینجگیٚ لە سامان گرت . (ناو)

٢. کاوە قورینجگیٚ لەیٚ گرت . (ڕاناو)

٣. کاوە قورینجگیٚ لە یٚ ⟵ لیٚ گرت.

هـ_ (و) ئەم دەنگە دیسان دەقرتێت لە هەندێك حاڵەتدا :

١. ئامان بووە وە شوان .

٢. ئامان بووەس وە شوان.

٣. ئامان بووەس *وە ⟵ بووەسە شوان.

## ١٠ _ گۆڕین

گۆڕین، واتە گۆڕینی دەنگێك بۆ دەنگێکی تر بەهۆی کارتێکردنی دەنگی لە پێشەوە یان لە پاشەوە، یان تێکەڵبوونی و لەیەکدانی دوو دەنگ (fussion) و دروست بوونی دەنگێکی تازە.

لە زاری کەڵهوڕیدا، سێ جۆر گۆڕین بەدیدەکرێت :

١. گۆڕینی فۆنۆلۆجی (phonological) : ئەو گۆڕینەیە کە بە درێژایی ڕۆژگار ڕوودەدات، کە بەلای منەوە هۆیەکی سەرەکییە لە هۆیەکانی دروست بوونی "زار" لە زمانێکدا. ئەم گۆڕینە مێژووییە بەم جۆرەیە:

أ. دەنگی (ب) بووە بە دەنگی (و)، نموونە : بەهار ⟵ وەهار " زبر ⟵ زوِر

ب.دەنگی (ت) بووە بە دەنگی (د): برات ⟵ براد "ماڵتان ⟵ ماڵدان.

ح. دەنگی (د) بووە بە دەنگی (ت) گردەکان ⟵ گرتەکان

٢_گۆڕینی مۆرفۆلۆجی (Morphological) ئەو گۆڕینەیە کە ڕوودەدات لە ئەنجامی کارتێکردنی دەنگێك لەسەر دەنگێکی تر، بەهۆی نزیکییەوە ، وەك:

دەسشوور ← دەششوور " بەدتر ← بەتتر

٣. گۆڕینی تێکەڵبوون (fussion) :دوو دەنگ تێکەڵ دەبن و دەنگێکی جیاواز دروست دەکەن، وەك:

هەفت دە ← هەڤدە (ف ت بوونەتە ڤ)

هەسەن بەگ ← هەسەمەگ (ن ب بوونەتە م)

کار وە بێڵەگە بکە ← کار پیٚ بکە

کار وەیٚ بکە ←کار پیٚ بکە (وە یٚ بوونەتە پیٚ)

## ١١_ دزەکەر[٢٨]

دزەکەر (intrusion) ئەو دەنگەیە کە دەچێتە بەینی دوو دەنگەوە، بۆ ئاسان و ڕەوانکردنی گۆکردن، بەتایبەتی لە بەینی دوو بزوێن، با بەم جۆرەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:

١. دەنگی (س) :

أ. ئەوە کیٚیە ؟ ب. ئەوە دارا ە . لێرە ناتوانین بە ئاسانی و ڕەوانی ئەم دوو دەنگە (ا _ە) بزوێنە دەربێنین، ئەمجا دەنگی (س) دێتە هانامانەوە، وەکو ناوبژیکەر، و دەچێتە بەینیانەوە لە یەکیان دەخات و ئێمەیش بە ئاسانی و ڕەوانی گۆیان دەکەین و بەم جۆرە :

ئەوە دارا (س) ە ← ئەوە داراسە

٢. دەنگی (ی) ئەم دەنگە دەچێتە بەینی دەنگی (ی_ە)ەوە:

أ. ئەوە چەن دینارە ؟ ب. بیس دینارە .

ح. بیس دینار زیاترە . د. سی (ی) ە ← سییە

٣. دەنگی (ر) دەچێتە بەینی (ە_ە) دوە:

I. خەوم تییٚ، جی ئەڕام بخە (ر)ەوە . بخەرەوە (ر)

II. جی خسمە (س) دوە - خسمە سەوە. (س )

---

[٢٨] دزەکەر ،ئەم زاراوە پێشنیاز دەکەم.

# بەندی سێیەم

# وشەسازی

## وشەسازی

وشەسازی ئەو زانستەیە کە لە چۆنیەتی دروست بوونی وشە دەکۆڵێتەوە، وشەیش بچوکترین کەرەستەی واتاداری زمانە و بە هیچ جۆرێك ناتوانین لیی بقرتێنین، یان زیادەیەك بخەینە سەری، چونکە ئەم دەستکارییە، یان واتاکەی دەگۆڕێت، یان دەبێتە دەنگێك یان چەند دەنگێکی پووچەڵ و بێ مانا، بۆ نموونە: وشەی "نەرمە" ئەگەر کردمان بە دوو کەرتەوە (نەرم _ ە) کەرتی یەکەم واتادارە، بەڵام واتای (نەرمە)ی نییە، کەرتی دووەمیش (ە) دەنگێکی بێ واتایە . نموونەیەکی تر "ئاوێنەك" ئەگەر کرا بە دوو کەرتەوە (ئاوێ _نەك) هەردوو کەرتەکە هیچ واتا نادەن . خۆ ئەگەر زیادەیەك خرایە سەری (ی) -"ئاوێنەکی" دیسان واتا نابەخشێت . بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە وشە بچوکترین کەرەستەی زمانە واتادارە .

لە کوردیدا وشە دروست دەبێت بەهۆی :

ا. **بەندسازی** Affixes: بەندسازی دەورێکی باڵا دەبینێت لەسازاندنی وشە بە هەموو چەشنەداکانیەوە.

بەندسازی دەبێتە سێ بەشەوە:

١_ پێشبەند:ئەو بەندەیە کە دەلکێت بە پێشی وشەوە وەك :

ئەڵ + گرت ⟵ ئەڵگرت " ناو + ساز ⟵ ناساز

٢_ناوبەند: ئەو بەندەیە کە دوو وشە بەیەکەوە دەبەستێت وەك :

گورگ + ە +خەو ⟵ گورگەخەو " زەڕینە + و + سیمینە ⟵ زەڕینەوسیمینە

٣_ پاشبەند: ئەو بەندەیە کە دەلکێت بە دوای وشەوە، وەك:

دەس + ە ⟵ دەسە " قورس + ی ⟵ قورسی......هتد.

بەپێی چەشنەداکانی وشە، باسی وشەسازی دەکەین:

ا_ناو

| ا_ ناو + | پاشبەند | - ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١. پەڵ | ان | پەلان | ناوی یاری دروست دەکات |
| تووپ | ان | توویان | |
| ٢. سوور | انە | سوورانە | ناوی باج و کرێ، کات گەرد دروست دەکات. |
| پرس | انە | پرسانە | |
| رووژ | انە | رووژانە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵ | انه | سالانه | |
| پەڵك | انه | پەڵكانه | ناوی تایبەت بۆ درەخت و رەوەك |
| خێزەران | انه | خێزەرانه | |
| ٣. برا | یەتی | برایەتی | ناوی معنوی دروست دەكات. |
| دژمن | ایەتی | دژمنایەتی | |
| ٤. دەس | ە | دەسە | ناوی كۆمەڵ و دیاردە دروست دەكات. |
| قول | ە | قولە | |
| ٥. ماڵ | ەچە | ماڵەچە | ناوی (تصغیر) دروست دەكات. |
| ٦. كوت | ەك | كوتەك | ناوی ئامێر. |
| ٧. مووش | ەڵان | مووشەڵان | ناوی شوێن دروست دەكات. |
| ٨. شتر | ەلەوان | شترەلەوان | ناوی پێشە (مهنە) |
| ٩. درەو | ەنی | درەوەنی | ناوی پێشە |
| ١٠. نان | ەوا | نانەوا | ناوی پێشە |
| ١١. باخ | ەوان | باخەوان | ناوی پێشە |
| ١٢. گووش | پارە | گووشپارە | ناوی ئامێر |
| ١٣. باخ | چە | باخچە | ناوی (تصغیر) |
| ١٤. سەر | چگ | سەرچگ | |
| ١٥. چای | چی | چایچی | ناوی پێشە |
| ئاو | چی | ئاوچی | |
| ١٦. گووش | خارە | گووشخارە | ناوی ئامێر |
| ١٧. قەن | دان | قەندان | |
| كەمچگ | دان | كەمچگدان | |
| ١٨. گوڵ | زار | گوڵزار | |
| ١٩. گەرما | ژەك | گەرماژەك | ناوی نەخۆشی |
| ٢٠. سەر | گ | سەرگ | |
| ٢١. داد | گا | دادگا | |
| ٢٢. دەرزی | لە | دەرزیلە | |
| ٢٣. گا | وان | گاوان | ناوی پێشە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤. جام | ولك | جامولك | ناوی (تصغير) |
| ٢٥. شان | ووكە | شانووكە | |

**٢_ پێشبەند + ناو + پاشبەند = ناو**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. نا | حەز | ی | ناحەزی |
| بێ | كەس | ی | بێكەسی |

| ٣_ ئاوەڵناو | + پاشبەند | = ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١. گەرم | ا | گەرما | |
| ٢. جوان | ووك | جوانووك | (حب الشباب) |
| ٣. سەرد | ی | سەردی | |
| پاك | ی | پاكی | |
| ٤. زەرد | ینە | زەردینە | |
| چەرمگ | ینە | چەرمگینە | (چەرمینە) لە گۆكردن ندا |

**٤_ پێشبەند + ئاوەڵناو + پاشبەند = ناو**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. نا | كووك | ی | ناكووكی |
| ٢. نە | خۆش | ی | نەخۆشی |

**٥_ كاری ڕابردوو + پاشبەند = ناو**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. كوشت | ار | كوشتار | |
| كرد | ار | كردار | |
| ٢. نیشت | مان | نیشتمان | (لەوەدەچێت "مان" چاوگ بێت) |

**٦_ ڕەگ + پاشبەند = ناو**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١.خۆ | راك | خۆراك | (خوراك) لە گۆكردن ندا. |
| لەق | ە | لەقە | " بووڵ + ە = بووڵە |
| ٢.خۆن | ەوار | خۆنەوار | |

٣. پەڕ　نگە　پەڕنگە

٧_ پێشبەند + ڕەگ + پاشبەند = ناو

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. نە | مر | ی | نەمری |
| نە | دار | ی | نەداری |

٨_ئاوەڵکار + پاشبەند = ناو

| | | |
|---|---|---|
| ١. پار | ین | پارین |
| ژێر | ە | ژێرە |

## ب. ناوی لێکدراو

١.ناو + ناو = ناو

| | | |
|---|---|---|
| مار | ماسی | مارماسی |
| گوڵ | ئاو | گوڵاو |
| سەر | بەرگ | سەربەرگ |

٢_ناو +ئاوەڵناو = ناو

| | | |
|---|---|---|
| دا | پیر | داپیر |
| پووپ | کەو | پووپکەو (پووکەو) لە ئاخاوتن ندا |

٣_ناو +ڕەگ = ناو

| | | |
|---|---|---|
| پا | پووش | پاپووش |
| ڕووژ | گار | ڕووژگار (ڕووژگار) لە ئاخاوتن ندا |
| شەو | گار | شەوگار (شەوار) لە ئاخاوتن ندا |

٤_ژمارە + ناو = ناو

| | | |
|---|---|---|
| هەزار | پا | هەزارپا |
| چوار | شەممە | چوارشەممە |
| هەزار | پیشە | هەزارپیشە |

٥_ ئاوەڵناو + ناو = ناو

❖ کەو + هەڤی = کەوهەڤی
❖ سیە + ماڵ = سیەماڵ

٦_ ئاوەڵکار + ناو = ناو

❖ بان + دەم = باندەم
❖ ژێر + زگ = ژێرزگ

٧- ئاوەڵکار + رەگ = ناو

❖ ژێر + کەن = ژێر کەن
❖ لا + کیش = لاکیش

٨- رەگ + رەگ = نـاو

❖ کەن + دڕ = کەندڕ

## ج- ناوی ئاوێتە

١- ناو + ناو بەند + ناو = ناو

❖ گورگ + ە + خەو = گورگەخەو
❖ مانگ + ە + شەو = مانگەشەو
❖ راو + ە + راو = راوە راو
❖ زەل + و + زوول = زەل و زۆل
❖ قال + و + قوو = قال و قوو
❖ خورما + و + رۆن = خورماورۆن
❖ کار + وە + دەس = کاروەدەس

٢- ئاوەلناو + ناوبەند + ناو = ناو

❖ سەرد + ە + وا = سەردەوا
❖ تەڕ + ە + ماش = تەڕەماش

٣_ناو + ناوبەند+ناو + پاشبەند = ناو

❖ توتگ + ە + شوان + ە - توتگە شوانە

❖ دەرد + ە + سەر + ی = دەردەسەری

❖ کڵاو + وە + سەر + ە = کڵاووەسەرە

**٤_ نـــاو + ناوبەند + ڕەگ + پاشبەند = نـــاو**

❖ پیشت + ە + شکن + ە = پیشتەشکنە

**٥_ئاوەڵناو + ناوبەند +نـــاو + پاشبەند = نـــاو**

❖ زەرد + ە + واڵ + ە = زەردەواڵە (زەردەباڵە)

**٦_ئاوەڵناو + ناوبەند +ئاوەڵناو + = نـــاو**

❖ سوەر + ە + شەل + ە = سوەرشەلە

❖ سوەر + ە + شەل + گ = سوەرشەلگ

**٧_نـــــاو + ناو + پاشبەند = نـــــاو**

❖ پا + بەن + ك = پابەنك (پاوێنك) لە گۆکردن ندا [29]

❖ مامر + ئاو + ی = مامرئاوی

❖ چەو + ئێش + ی = چەوئێشی( چەوشی) لە گۆکردندا.

❖ ڕەو + ڕەو + ەك = ڕەوڕەوەك

**٨_ ناو +ئاوەڵناو + پاشبەند = ناو**

❖ سەر + بەرز + ی = سەربەرزی

❖ سەر + شووڕ + ی = سەرشووڕی

**٩_ناو + ڕەگ + پاشبەند = ناو**

❖ کاروان + کوش + ە = کاروان کوشە (ئەستێرەیەکە)

❖ مەشکە + دڕ + ە = مەشکەدڕە

**١٠_ئاوەڵناو + نـــاو + پاشبەند = ناو**

❖ کەم + دەس + ی = کەم دەسی (کەمدەسی)

---

[29] وێنگ) = وانك و ێنك لە (بەند + ك )وە هاتووە: پاوێنك، ملوانك، دەستێنك.

١١_ ژماره + ناو + پاشبەند = ناو

❖ یەك + دەس + ی = یەكدەسی

١٢_ئاوەڵكار + ناو + پاشبەند = ناو

❖ لا + سەر + ی = لاسەری

❖ بان + مەمگ + ی = بان مەمگی

١٣_ ناو + ناو + ناو = ناو

❖ ئاو + دەس + خانە = ئاودەسخانە

## ب_ئاوەڵناو

I. ئاوەڵناوی داڕێژراو_ ئەری

١.ناو +پاشبەند = ئاوەڵناو

| | | |
|---|---|---|
| ١.شێر | ا | شێرا |
| ٢.شەرم | ەزار | شەرمەزار |
| ٣.شەرم | ەنە | شەرمەنە |
| ٤.شەرم | ەو | شەرمەو |
| ٥.دروو | زن | درووزن |
| ٦.كرم | ژن | كرمژن |
| ٧.نەوس | ن | نەوسن |
| چڵم | ن | چڵمن |
| كوڵك | ن | كوڵكن |
| ٨. تڕ | وو | تڕوو |
| ٩.كەڵهوڕ | ی | كەڵهوڕی |
| ١٠.چەپ | ێڵ | چەپێڵ |
| ١١.گەز | ین | گەزین |
| دار | ین | دارین |
| ١٢.گەنم | ینە | گەنمینە |
| جوە | ینە | جوەینە |

**٢_ ئاوەڵناو + پاشبەند = ئاوەڵناو**

| | | |
|---|---|---|
| ١. گرد | ەڵ | گردەڵ |
| ٢. وشك | ن | وشكن |
| ٣. گڕن | نە | گڕننە (گڕندە) |
| ٤. سیە | وەز | سیەوەز |
| زەرد | وەز | زەردوەز |
| ٥. خڕ | ونك | خڕونك |
| گل | ونك | گلونك |
| ٦. درێژ | وونك | درێژوونك |

**٣_ ڕەگ + پاشبەند = ئاوەڵناو**

| | | |
|---|---|---|
| ١. وڕ | ا | وڕا |
| گیر | ا | گیرا |
| ٢. كوش | ندە | كوشندە |
| بڕ | ندە | بڕندە |

**٣_ ژمارە + پاشبەند = ئاوەڵناو**

| | | |
|---|---|---|
| ١. چوار | ەمین | چوارەمین |
| هەفت | ەمین | هەفتەمین |
| ٢. شەش | م | شەشم |
| پێنج | م | پێنجم |
| ٣. شانزە | هەم | شانزەهەم |
| هەڤدە | هەم | هەڤدەهەم |

**٤_ كار + پاشبەند = ئاوەڵناو**

| | | |
|---|---|---|
| شكیا | گ | شكیاك |
| خوریا | گ | خوریاك |

٥_ پێشبەند + کار + پاشبەند = ئاوەڵناو

١. ئەڵ + کەفت + گ = ئەڵکەفتگ

ئەڵ + شکیا + گ = ئەڵشکیاگ

٢. دا + هات + گ = داهاتگ

دا + ڕشیا + گ = داڕشیاگ

٦_ پێشبەند + ناو = ئاوەڵناو

١. وە + گوڕ = وەگوڕ

وە + کار = وەکار

٢. هاو + شیر = هاوشیر

هاو + ماڵ = هاوماڵ

٧_ پێشبەند + ڕەگ = ئاوەڵناو

وە + گیر = وەگیر

٨_ پێشبەند + ئاوەڵناو = ئاوەڵناو

هاو + لف = هاولف

ب. ئاوەڵناوی داڕێژراو _ نەرێ

١_ پێشبەند + ناو = ئاوەڵناو

١. نا + کەس = ناکەس

نا + حەز = ناحەز

٢_ پێشبەند + ئاوەڵناو = ئاوەڵناو

١. نا + ڕیك = ناڕیك

نا + جوور = ناجوور

٢. نە + پختە = نەپختە

٣_ پێشبەند + ناو = ئاوەڵناو

بێ + کار = بێکار

بێ + نەوا = بێنەوا

٤_ پێشبەند + ڕەگ = ئاوەڵناو

نە + ناس = نەناس

نە + زان = نەزان

٥_ پێشبەند + ئاوەڵناوی داڕێژراو = ناو

نە + وەدڵ = نەوەدڵ

نە + وەوایە = نەوەوایە

ب_ ئاوەڵناوی لێکدراو

١_ ناو + ئاوەڵناو = ئاوەڵناو

باڵا + بەرز = باڵابەرز

دڵ + تەنگ = دڵتەنگ

٢_ ناو + ڕەگ = ئاوەڵناو

دڵ + گیر = دڵگیر

ناو + دار = ناودار

٣_ ژمارە + ناو = ئاوەڵناو

دوو + دڵ = دوودڵ

چوار + گورچگ = چوارگورچگ

ج_ ئاوەڵناوی ئاوێتە

١. ناو + ناوبەند + ناو = ئاوەڵناو

١. ڕەنج بێ + بەر = ڕەنج بێوەر (ب بووتەو)

٢. چەو لە + کونا = چەولەکونا

٣. قوڕ وە + سەر = قوڕوەسەر

| ٢. ناو + | کار + | پاشبەند = | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|
| ماڵ | ڕمیا | گ | ماڵ ڕمیاگ |
| کووس | کەفت | گ | کووس کەفتگ |

| ٣. ئاوەڵکار + | ناوبەند + | ئاوەڵکار = | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|
| دەر | وە | دەر | دەروەدەر |

| ٤_ ناو + | چاوگ + | پاشبەند = | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|
| سەر | گەرد | ان | سەرگەردان |

| ٥_ ژمارە + | ناو + | پاشبەند = | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|
| چوار | ڕەو | ا | چوارڕەوا (چارەوا) لە گۆکردندا |

## ح_ چاوگ

١. چاوگی سادە: گشت چاوگی سادە پێك دێت لە:

کاری ڕابردووی سادە + پاشبەندی (ن)، جگە لە کاری (و) ی کە پێك دێت لە دەمی ئێستا+ پاشبەندی (ن).

| ا. کار + | پاشبەند - | چاوگ | |
|---|---|---|---|
| ١.گڵیا | ن | گلیان | (کاری (ا) ی) |
| ڕمیا | ن | ڕمیان | |
| وسا | ن | وسیان | |
| ٢. گرت | ن | گرتن | (کاری (ت) ی) |
| دایشت | ن | دایشتن | |
| هات | ن | هاتن | |
| ٣.مرد | ن | مردن | (کاری (د)ی) |
| کرد | ن | کردن | |
| شoورد | ن | شووردن | |

٤_ کار + پاشبەند = چاوگ

| | | | |
|---|---|---|---|
| بووڵان | ن | بووڵانن | (کاری (ن)ی) |
| وایان | ن | وایانن | |
| گلان | ن | گلانن | |
| ٥-سڕی | ن | سڕین | (کاری (ی)ی) |
| بڕی | ن | بڕین | |
| چڕی | ن | چڕین | |

ب. کاری ئێستا + پاشبەند = چاوگ

| | | | |
|---|---|---|---|
| بوو | ن | بوون | (کاری (و) ی) |
| چوو | ن | چوون | |

٢.چاوگی دارێژراو: لە چاوگی سادە و زیادەیەك دروست دەبێت :

ا. پێشبەند + چاوگی سادە = چاوگ

| | | |
|---|---|---|
| ١. ئەڵ | کردن | ئەڵکردن |
| ئەڵ | خسن | ئەڵخسن |
| ٢. پێ | هاتن | پێهاتن |
| ٣. تێ | کردن | تێکردن |
| ٤. لێ | گرتن | لێگرتن |
| ٥. ڕا | هاتن | ڕاهاتن |

ب. چاوگ + پاشبەند = چاوگ

| | | |
|---|---|---|
| بردن | ەوە | بردنەوە |
| هاتن | ەوە | هاتنەوە |
| کردن | ەوە | کردنەوە |

٣_چاوگی لێکدراو: لە دوو وشە پێکدێت :

ا. ناو + چاوگ = چاوگ

| | | |
|---|---|---|
| سەر | بڕین | سەربڕین |
| نان | کردن | نان کردن |
| سەر | بوون | سەربوون |

ب. ئاوەڵناو + چاوگ = چاوگ

| ئاوەڵناو | چاوگ | چاوگ |
|---|---|---|
| پاك | كردن | پاككردن |
| تەڕ | بوون | تەڕبوون |

ح_ئاوەڵكار + چاوگ = چاوگ

| | ئاوەڵكار | چاوگ | چاوگ |
|---|---|---|---|
| ١. | دەر | كردن | دەركردن |
| | دەر | هاتن | دەرهاتن |
| ٢. | لا | گرتن | لاگرتن |
| | لا | بردن | لابردن |

٤_ چاوگی ئاوێتە: لە دوو وشەو زیادەیەك یان زیاتر دروست دەبێت :

ا.پێشبەند + ناو + چاوگ = چاوگ

| | پێشبەند | ناو | چاوگ | چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| ١. | ئەو | كار | كەفتن | ئەوكاركەفتن |
| ٢. | لە | كار | كەفتن | لەكاركەفتن |
| | لە | دەس | دان | لەدەس دان |

ب. پێشبەند + ئاوەڵكار + چاوگ = چاوگ

| | پێشبەند | ئاوەڵكار | چاوگ | چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| ١. | لە | ژێر | دان | لەژێردان |
| | لە | ناو | بردن | لەناوبردن |
| ٢. | ئەو | لا | خسن | ئەولاخسن |
| | ئەو | لا | كەفتن | ئەولاكەفتن |

ح_ پێشبەند + ڕەگ + چاوگ = چاوگ

| | پێشبەند | ڕەگ | چاوگ | چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| ١. | دا | گیر | كردن | داگیركردن |
| ٢. | وە | گیر | دان | وەگیردان |

د_پێشبەند + كار + چاوگ = چاوگ

| پێشبەند | كار | چاوگ | چاوگ |
|---|---|---|---|
| وە | دی | هاتن | وەدیهاتن |
| وە | كوشت | دان | وەكوشت دان |

هـ_ ناو + چاوگی داڕێژراو = چاوگ

| | | |
|---|---|---|
| ١. سەر | ڵێدان | سەرلێدان |
| ٢. سەر | ئەڵگرتن | سەرئەڵگرتن |

و_ ناو + ئاوەڵناو + چاوگ = چاوگ

| | | | |
|---|---|---|---|
| دڵ | سیە | بوون | دڵسیەبوون |
| بوو | گەن | کردن | بووگەنکردن |

ز_.ناو + کار + ناوبەند + چاوگ = چاوگ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دڵ | مرد | ە | بوون | دڵمردەبوون |

ح_ناو + ڕەگ + چاوگ = چاوگ

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەم | کوت | کردن | دەمکوت کردن |

ط_ناو + ناوی داڕێژراو + چاوگ = چاوگ

| | | | |
|---|---|---|---|
| دڵ | خۆشی | دان | دڵخۆشیدان |

ی_ئاوەڵکار+ چاوگی داڕێژراو + پاشبەند = چاوگ

| | | | |
|---|---|---|---|
| لا | ئەڵکردن | ەوە | لائەڵکردنەوە |

## د_کـــــار

ا.دەمی ڕابردوو:

| ڕەگ | + پاشبەند | = کاری ڕابردوو |
|---|---|---|
| ١.کیش | ا | کیشا |
| ٢. گر | ت | گرت |
| ٣. مر | د | مرد |
| ٤. کڕ | ان | کڕان |
| ٥. گل | یا | گلیا |
| ٦. بڕ | ی | بڕی |

ب.دەمی ئێستا

١. ڕەگ + ڕاناوی لکاو = دەمی ئێستا

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | نیش | یٚ | نیشیٚ |
| ٢. | کیش | یٚ | کیشیٚ |
| ٣. | گر | یٚ | گریٚ |

٢_ ڕەگ + پاشبەند = دەمی ئێستا

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | ب | وو | بوو |
| ٢. | چ | وو | چوو |

٣. ڕەگ + پاشبەند + ڕاناوی لکاو = دەمی ئێستا

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناڵ | ن | یٚ | ناڵنیٚ |
| قیڕ | ن | م | قیڕنم |
| ساز | ن | ن | سازنن |

ج_فەرمان:

١. پێشبەند + ڕەگ + ڕاناوی لکاو = فەرمان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ب | نیش | ___ | بنیش[30] |
| ب | دەو | ن | بدەون |
| ب | کە | ___ | بکە |
| ب | چ | ن | بچن |

٢_ پێشبەند + ڕەگ + پاشبەند + ڕاناوی لکاو = فەرمان

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ب | گل | یە | ___ | بگلیە (تاك) |
| ب | وس | یە | ن | بووسیەن (کۆ) |

٣_ پێشبەند + ڕەگ + پاشبەند + ڕاناوی لکاو = فەرمان

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ب | ڕم | ن | ___ | بڕمن (تاك) |

[30] ڕاناوی کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێت، فەرمانی ڕاستەوخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ دەبێت.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ب | رم | ن | ن | برمنن (کۆ) |
| ب | نیش | ن | ___ | بنیشن (تاك) |
| ب | نیش | ن | ن | بنیشنن (کۆ) |

د_ ئنشائی

١_ دەمی ڕابردوو

ا. ب + کاری ڕابردوو + پاشبەند + ڕاناوی لکاو = ئنشائی

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ب | هات | ا | ___ | بهاتا | (کەسی یەکەمی تاك) |
| ب | هات | ا | ن | بهاتان | (کەسی سێیەمی کۆ) |
| ب | هات | ا | ین | بهاتاین | (کەسی دووەمی کۆ) |
| ب | هات | ا | م | بهاتام | (کەسی یەکەمی تاك) |
| ب | هات | ا | یم | بهاتایم | (کەسی یەکەمی کۆ) |
| ب | هات | ا | ی | بهاتای | (کەسی دووەمی تاك) |

٢_ دەمی ئێستا

ب + دەمی ئێستا = ئنشائی

| | | | |
|---|---|---|---|
| ب | کاڵی | بکاڵی | (کەسی دووەمی تاك) |
| ب | کاڵین | بکاڵین | (کەسی دووەمی کۆ) |
| ب | کاڵێ | بکاڵێ | (کەسی سێیەمی تاك) |
| ب | کاڵن | بکاڵن | (کەسی سێیەمی کۆ) |
| ب | کاڵم | بکاڵم | (کەسی یەکەمی تاك) |
| ب | کاڵیم | بکاڵیم | (کەسی یەکەمی کۆ) |

## هـ_ئاوەڵکار

هەرچەندە ئاوەڵکار، بێجگە لەوانەی هەمیشە ئاوەڵکارن، بەگوێرەی دەور و شوێنی وشە و کۆما لە ڕستەدا، بەڵام هەرچەندێك هەیە دروست کرا و،ئەو وەختە ئاوەڵکارن، نموونە:

وەتاو هات . لێرە "وەتاو" ئاوەڵکارە. ئەمجا دەبێت لە چەشن و چۆنیەتی دروستبوونی بدوێین:

١_ئاوەڵكاری داڕێژراو:

پێشبەند + ئاوەڵناو = ئاوەڵکار

وە + گەرم = وەگەرم : وەگەرم باسی کرد

وە + نەرم = وەنەرم : وەنەرم ڕێکردن

وە + سس = وەسس : وەسس کیشایەوە

٢_ئاوەڵكاری لێکدراو

ژمارە + ژمارە = ئاوەڵکار

یەك + یەك = یەك یەك : یەك یەك هاتن

دوو + دوو = دوودوو : دودونیشتن

سێ + سێ = سێسێ : سێسێ لادان

٣_ئاوەڵكاری ئاوێتە

ا. ناو + ناوبەند + ناو = ئاوەڵکار

کوت + و + مت = کوتومت : دارا کوت ومت باوگی‌یە.

ب. ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو = ئاوەڵکار

کوت + و + پڕ = کوتوپڕ : هەر ئەژنەفێ کوت وپڕ تیێ.

ج. ناو + ناوبەند + ئاوەڵکار = ئاوەڵکار

سەر + ەو + خوار = سەرەوخوار : سەرەوخوارکەفتم

## و_ڕاناو

هەر ڕاناوی خۆیی بەپێی یاساو دەستووری وشەسازی دروست دەبێت، ئەمەیش بەم جۆرەی خوارەوە:

ا_ خو (ە) + ڕاناوی لکاو = ڕاناوی خۆیی

١. خو + ە + م = خوەم (کەسی یەکەمی تاك)

٢. خو + ە + (د_ت) = خوەد، خوەت (کەسی دووەمی تاك)

٣. خو + ە + ێ = خوەێ (کەسی سێیەمی تاك)

ب. خو + ڕاناوی لکاو = ڕاناوی خۆیی

١. خو + مان = خومان (کەسی یەکەمی تاك)

٢. خو + دان _ تان = خودان _خوتان (کەسی دووەمی تاك)

٣. خو + یان = خویان (کەسی سێیەمی تاك)

# بەندی چوارەم

# رستەسازی

## رستەسازی

لە بەشەکانی پێشوودا باسی دەنگسازی و وشەسازیمان کرد و بینیمان کە فۆنیم بچووکترین کەرەستەی واتاداری زمانە، هەروەها چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فۆنیم و چۆنیەتی دروست بوونی (Morpheme) وشە . رستەسازی باسی چۆنیەتی ریزبوونی وشە و پێکهاتنی رستە دەکات، کە گەورەترین بەشی زمانە.

رستەی بناغەیی (Basic Sentence) پێکدێت لە دوو بەش: ا. نیهاد ، ب. گوزارە
. "نیهاد" ناو و ئەو بەشانەی ئاخاوتنە دەگرێتەوەکە بەستراون، یان سەر بە ناون .

"گوزارەیش" "کار" دەگرێتەوە و ئەو بەشانەی ئاخاوتنە کە بەستراون بە "کار"ەوە .هەر رستەیەك لە کوردیدا بێت، دەبێت ئەم دوو بەشەی تێدا بێت، ئەگینا ناتەواوە، واتە ناتوانین رستەی واتادار دروست بکەین، ئەگەر یەکی لەم دوو بەشانەی تێدا نەبێت.

ئێستا با سەیری ئەم رستانەی خوارەوە بکەین:

| نیهاد | گوزارە |
|---|---|
| ١. زوراب | مرد |
| ٢. نەوروز | هات |
| ٣. ژنەگە | گیرێ |
| ٤. ئەوان | تییەن |

ئەگەرسەرنجی ئەم رستانە بدەین،دەبینین لەنیهاد کە کارایەو،گوزارە کەکارە،پێکهاتوون. رستەی بناغە یی‌ئەوە دەبەخشێت کەدەتوانین گەورەی بکەینەوە، بوونموونە، دەتوانین گەورەی بکەینەوە.

| نیهاد | گوزارە | نیهاد | گوزارە |
|---|---|---|---|
| ا. زوراب | مرد. | ا. نەورووز | هات. |
| ب. زوراب، کورەی خاڵووم | مرد. | ب. نەورووزی برام | هات. |

بەم شێوەیە، دەتوانین گوزارەیش گەورە بکەینەوە:

| نیهاد | گوزارە |
|---|---|
| ا. زوراب ،کورەی خاڵووم | پیرەکە مرد. |
| ب. نەوروزی برام | وەتاو هات. |
| ج. ئەو ژنە | وە سووز گیرێ . |

بەم جۆرە، رستە گەورە دەبێتەوە، بە زیاد کردنی "نیهاد" و "گوزارە" بە بەشەکانی ئاخاوتن کە بەستراون بە ناو و کارەوە . رستەی بناغەیی لە زاری کەڵهوڕیدا ئەمانەی خوارەون:

رستەی بناغەیی(١) ئەم چەشنەدا رستەیە دروست دەبێت لە "نیهاد" ناو وئەو بەشە ئاخاوتنانەی جێیناو دەگرنەوەو گوزارە کاری تێنەپەڕە.

| نیهاد | گوزارە |
|---|---|
| ١. سالار | گلیا. |
| ٢. ئەوان | واینەوە. |
| ٣. مەل | فرێ. |
| ٤. باوگم | خەفتگە. |
| ٥. خوەر | ئەلاتگە. |
| ٦. منالەگە | قیژان. |

وەکو لەم ڕستانەدا دیاری دەدات، نیهاد پێکهاتووە لە ناوی تایبەتی (سالار)، ڕاناو (ئەوان) و ناوی گشتی (مەل).

رستەی بناغەیی(٢) :لەم چەشنەدادا، گوزارە پێکهاتووە لە (ئاوەڵناو) و (کار).

| نیهاد | گوزارە |
|---|---|
| ١. زمسان | سەرد _ ە |
| ٢. باوگی | پیر _ە |
| ٣. کورەیلەگەی | سەرەمەرز _ن |
| ٤. زێوا | نەخوەش کەفت. |
| ٥. لەشم | گەرم داهات. |

ئاوەڵناو :تاك و کۆ، ناسیاو ونەناسیاوە لە :

ا_ئاوەڵناو لە "نیهاد"

١. دارە بەرزەگە گەزە.
٢. دارە بەرزەیلەگە گەزن.
٣. دۆیەتە گەوراگەی شۆ کرد.
٤. شەنە ئاسنینەیلە گرانن.
٥. ئەو گووچان (ی) چەفتە، هن (ی) منە.
٦. ئەو میەیلی چاخە بەنی‌ین.

٧. ژنی جوانێ (جوانێک) خوازییە. ٨. مەلی گوشت خوەر، دەنووکی چەفتە. (پەند)

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین:

ا. ئەگەر ناو تاک،کۆ و ناسراو بوو،دەنگی (ە) دێتە بەینی ناوو ئاوەڵناوەوە، بۆ ڕەوانکردنی گۆ کردن و ئامرازی ناسینی تاک و کۆ بە ئاوەڵناوەوە دەلکێت، وەک لە (١,٢، ٣، ٤) .

ب. ئەگەر ناو ناسراو بوو بە ئامرازی ئیشارە،دەنگی (ێ) دەکەوێتە بەینی ناو و ئاوەڵناوەوە و ئامرازی کۆ بەناوی (کۆ_ەوە) دەلکێت و ئاوەڵناویش شێوەی تاک وەردەگرێت و لەگەڵ ناوی تاک و کۆدا و، دەنگی (ە) دەلکێت بە دوای ئاوەڵناوەوە، وەک لە(٥,٦).

ج. ئەگەر ناو تاک یان کۆ بوو، دەنگی (ێ) دەکەوێتە بەینی ناوی تاک و ئاوەڵناوەوە و ئامرازی تاک و نەناسراو دەلکێت بە ئاوەڵناوەوە . ئامرازی کۆ لەگەڵ ناوی کۆدا دەرناکەوێت بەڵکو شێوەی تاک وەردەگرێت و ئاوەڵناویش هیچ ئامرازێک یان دەنگێک ناچێتە سەر، وەک لە (٧،٨).

**ب_ئاوەڵناو لە بەشی گوزارەدا:**

١. بێرام کوڕ (ێ) خاسێگە. ٢. ئەوان کوڕەیل (ێ) بێشەرمێگن.

وەکو لەم دوو ڕستەیەی سەرەوە دیارە: ئەگەر ناو "تاک" یان "کۆ" بوو لە (نیهاد)، ناو لە گوزارە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ناو لە نیهاد (بێرام _ کوڕ_ ئەوان _کوڕەیل) صیغەی تاک و کۆ وەردەگرێت، دەنگی (ێ) دەکەوێتە بەینی ناوی گوزارەوەو ئاوەڵناو و ئامرازی تاک نەناسراو وەردەگرێت (ێ _ ێك)

**ڕستەی بناغەیی (٣):** لەم چەشنەدادا، گوزارە پێکهاتووە لە ناو + کار، ناویش دەگەڕێتەوە بۆ "کارا "

| نیهاد | گوزارە | نیهاد | گوزارە |
|---|---|---|---|
| ١. مایخان | شوان _ە | ٢. ئەوان | کارکەر _ن |
| ٣. محمد (ص) | پێغەمبەر _ە | ٤. ئیمە | نەوکەر _یم |
| ٥. کەنگیر | جوو _ ە | ٦. ئیوە | نگبەت _ین |

لەم ڕستانە،ناو تەواوکەری (کارا )یە.

**رستەی بناغەیی (٤): گوزارە پێکهاتووە لە کار+ ئاوەڵکار (تەواوکەر):**

| نیهاد | گوزارە | |
|---|---|---|
| کارا | کار + | ئاوەڵکار |
| ١. مەلا غریب | ها | لێرە. |
| ٢. ئێوە | هاین | لە بەهەیشن |
| ٣. منیش | هام | ئەولیانا (ئەولیان دا) |
| ٤. کوڕەیل | هات | لە ماڵ. |

**رستەی بناغەیی (٥):** لەم چەشنەدا، گوزارە پێکدێت لە (ئاوەڵکار + کاری ڕابردووی بوون) . لێرەدا ئاوەڵکار تەواوکەری کاری (بوون)ە

| نیهاد | گوزارە | |
|---|---|---|
| کارا | ئاوەڵکار + | کار |
| ١. مەلا غریب | لێرە | بوو |
| ٢. من | لە ماڵ | بووم |
| ٣. کوڕەیل | لە کار | بوون |
| ٤. ئەوان | لە خوار | نیشت بوون |

**رستەی بناغەیی (٦):** گوزارە پێکهاتووە لە (کاری بوون + ناو)، ناویش تەواوکەرە و ئاماژەیە بۆ کارا.

| نیهاد | گوزارە | | | |
|---|---|---|---|---|
| کارا | کار + | ناو (تەواوکەر) | | |
| ١. شێرزاد | بوو | وەشوان | = | شێرزاد بووە شوان[٣١] |
| ٢. شامار | بوو | وەوەردەسیقوخا | = | شامار بووە وەردەسی قەخا |
| ٣. منالەیلە | بوون | وە ئاو | = | منالەیلە بوونە ئاو |
| ٤. کوڕە | بوو | وە هەژوەی زەرد | = | کوڕە بووە هەژوەی زەرد |

**رستەی بناغەیی (٧):** لەم چەشنەدا گوزارە پێکهاتووە لە کاری تێپەڕ و بەرکار. ئەگەر کار سادە بوو،یان داڕێژراو بوو (بە پێشبەند) بەرکار ئەگەر "ناو" بوو لە پێشی کارەوە دێت، ئەگەر بەرکار "ڕاناو" بوو لەدوای کارەوە دێت:

---

[٣١] تەماشای دەنگسازی بکە، بەشی (fussion) تێکەڵ بوون .

| ا. نیهاد | گوزارە | ب. نیهاد | گوزارە |
|---|---|---|---|
| کارا | بەرکار(ناو) + کار | کارا | کار + بەرکار(ڕاناو) |
| ١. زێوا | پەچیەگە ماڵی | زێوا | ماڵی‌یە _ ی . |
| ٢. مامە حسن | ساوەیلەگە مژان | مامە حسن | مژان _ ان. |
| ٣. بێژەنگ | بارەگە داگرت. | بێژەنگ | داگرتە _ی |
| ٤. وسێن | ژنێ ئەڵگرت | وسێن | ئەڵگرتە _ی |
| ٥. بەرزو | دارەیلەگە ئەڵکەنی | بەرزو | ئەڵکەنی‌یان |

بەڵام ئەگەر کارە داڕێژراوەکە بە پاشبەند دروست بوو بوو، یان لێکدراو یان ئاوێتە بوو، بەکاری (ناو) لە پێشەوە و لە ناوەوە دێت و بەرکاری ( ڕاناو) لە ناوەوە بێت:

| ج. نیهاد | گوزارە | د. نیهاد | گوزارە |
|---|---|---|---|
| کارا | بەرکار + کار | کارا | کار و بەرکار |
| ١. باوە | بزنێ سەربڕی. | باوە | سەر بزنێ بڕی. (لێکدراو) |
| ٢. باوە | میەگە زایانەوە | باوە | زایانییەوە. (داڕێژراو) |
| ٣. جەوهەر | مەردمەگە خس لەیەك. | جەوهەر | خسان لە یەك. (ئاوێتە) |

رستەی بناغەیی ( ٨ ): لەم چەشنەدا گوزارە پێکهاتووە لە کاری تێپەڕ و دوو بەرکار : بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەو کەسەیە یان شتەیە کە کار، کاری کردووە، ناڕاستەوخۆ ئەو کەسەیە یا شتەیە کە کارێکی بۆ کراوە، بەرکاری ڕاستەوخۆ لە پێش بەرکاری ناڕاستەوخۆ دێت، بەم جۆرەی خوارەوە:

| نیهاد | گوزارە | | |
|---|---|---|---|
| کارا | بەرکاری ڕاستەوخۆ + بەرکاری ناڕاستەوخۆ + کار | | |
| ١. باوگم | خانگێ | ئەڕام | سەن |
| ٢. زارا | پەچیە | ئەرایان | ماڵی |
| ٣. سەرتیپ | نان | ئەراکارکەرەیلەگە | برد |

رستەی بناغەیی ( ٩ ): گوزارە لەم چەشنەدا پێکهاتووە لە کارێکی تێپەڕ، دوو بەرکار : بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری تەواوکەر. بەرکاری ڕاستەوخۆ لەپێش کارەوە دێت، بەرکاری تەواوکەر، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرکاری یەکەم، لە دوای کارەوە دێت:

| گوزارە | نیهاد |
|---|---|
| بەرکار + کار + بەرکار (تەواوکەر ) | کارا |
| کوڕەی کرد وە شوان. | ١. خەسرەو |
| ماڵەگەی کرد وە تکیە. | ٢. سەردار |
| کەڵگای کرد وە نەزر. | ٣. مێرزا |

## ا. چەشنی رستە لە ڕووی دارشتنەوە:

رستە لە ڕووی دروستبوونەوە، دەبێتە سێ بەشەوە:

ا. **رستەی سادە:** ئەو رستەیەیە کەیەك"کار" ی تێدایە،وەك:

١_ دلێر گورجە.
٢_سالار سەردا لە ماڵی باپیری .
٣_کەتان چای ئەڕا مەردمەکە کرد.
٤_ کی ها لە ماڵ؟
٥_ مام وەلی وەتاو هاتەو دەیشت .
٦_ ماشاء الله بوو .لەێ کوڕە !
٧_ بچوو زینی ماهینەگە ئەڕام بکە.
٨_ بێزەحمەت، ئەو جامە بدە پێم!

**ئەرکی رستەی سادە**

رستەی سادە بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١. گوزارە (خبر): حەمە ئەسپێ سەننگە.
٢. پرسیار: کی ئاوی پەسەیلەگە دا؟
٣. فەرمان: دەنگ مەکە ! عاقڵ بوو.
٤. سەرسامی :شێرە یە چەنێ بەرزە !
٥. داوا (طلب) : بێزەحمەت ئەو ئاوە بدە پێم.

ب_ **رستەی لێکدراو:** ئەو رستەیە یەکە لە یەك "کار" ی زیاتر تێدایەو و دوو رستەی سادە بەیەکەوە بەستراون، بەهۆی ئامرازی پێوەندییەوە، وەك:

١. مەلا محەممەد فرە ئەڕامان وەت، وەلی کەس گوشە پێ نەدا.
٢. ئیمە مریم و ئەوان شوونمان گرن.

ج_**رستەی ئاوێتە:** ئەو رستەیە کە لە دوو رستە دروست بووە :

ا. شارستە . ب. پارستە.

ا.شارستە: ئەو رستەیە یەکە "کارێك" یان زیاتری تێدایە و سەربەخۆیە و بەتەنیا واتا دەبەخشێ:

١. وەختێ ئەوان هاتن و ئیمە لە ماڵ بووین.

٢. هەر کە پاهاوردنەوە، هەلاکردنە و ناو.

ب. پارستە: ئەو رستەیە یەکە "کارێ" تێیدایە و تەنیا واتا نابەخشێت، وەك:

١. لە کوو هەچانەوە خواردین، ئەوە زممگەی پایزانمانە.

٢. ئەوقەرە مەردم هاتبوو، سەگ ماڵ خاوەن نەناسی.

پارستە دەبێتە سێ جۆرەوە:

I. پارستەی ناوی: ئەو پارستەیە کە لەشوێنی ناو تێیت یان جێی‌ناو دەگرێتەوە، وەك:

١. هەرچگ ئەڕایان وەتم، وەگوو شیانا (گووشیاندا) نەچگ . (کارا )

٢. کەس نیەزانێ چۆن کابرا مردگە. (بەرکار)

ب_ پارستەی ئـاوەڵناو: ئەو پارستەیە کە لە شوێنی ئاوەڵناو دێت:

١. ئەیە ئەو ژنە سەگە هەر باسی جوانییکەن .

٢. ئەو کوڕەگە لە لای بەهمان نیشتگە ، کوڕی مەلا رحمان _ە.

ج_ پارستەی ئـاوەڵکار: ئەو پارستەیە کە لە شوێنی ئاوەڵکار تێیت:

١. هەرچگ کردم ، نەهاتنەوە ژێر هێڵ.

٢. وەختێ هاتم، خوەر لە ناوراسی ئاسمان بوو.

پارستەی ئاوەڵکار دەبێتە ئەم بەشانەی خوارەوە:

١. پارستەی کات:

ا. وەختێ هاتن، کار لە کار ترازیا بوو.

ب. ئیمە ئەڵسیایم، ئمجا ئەوان نیشتن.

٢. پارستەی شوێن:

ا. لەهەرکوو بوون، دونمانەوە. ب. لە کوو ژیەی، ئەوە نیشتمانتە.

٣_ پارستەی چۆنیەتی:

ا. هەر جوورێ خویان کەن، بیلا بکەن . ب. وەختی قسەکەێ چمان باوگی‌یە.

٤_ پارستەی مەبەست:

ا. وەتاو ڕێ بکەن، تا بگرینانەوە. ب. خوەریان بکەن، نەگ نزانن بچن.

٥_ پارستەی هۆ:

I. گووش لە قسەی کەس نیەگرێ، چونگە خوەی وە گوندە زانێ.

II. فەلا مەرز نەهات، ئەرا ئەوە درووزنی نەکەن.

٦_ پارستەی ئەنجام:

ا. ئەو فەرەلێدان، جاری تر ناوکەس نیەوەێ (نیەیەێ).

ب.ئەو قەرە نەفامە، دووس و دژمنی خوەێ لە یەکەوە نیەکەێ.

٧_ پارستەی پێچەوانە:

ا. هەرچەن دەوڵەمەنە، فرە ڕەزیلە.

ب. هەرسەێ کەمدەسە، دەس لە کەس نیەگرێگەوە.

٨_ پارستەی پلە:

ا.چەنێ بتوانی،شیە چگە . ب.کارەگە وەو جوورە نییە گە مەردم باسی کرد.

٩_ پارستەی مەرج:

ا. ئەگەر نەمردم، حەقت سێنم

ب. گەر هێسر بزاێ، کە بکوو بگرێ بەر* مەر ئەوسا بوونی باڵای شاپەروەر. (فۆلکلۆر)

ب/ رستەی مەرج

رستەی مەرج دوو جۆرە و جیاوازی لە بەینی ئەم دوو جۆرە لە واتاو چەشنی کار، کە لە رستەدا بەکاردێت، دەردەکەوێت .

ا.ئەو مەرجەی کە دەشێ جێبەجێ بێت یانە:

١. ئەگەر کاربکەن، دەوڵەمەن بوون.

٢. ئەگەر هاتنەوە، مکیسە لێیان بکە.

٣. ئەگەر ژنێ تر بخوازێ، مناڵ ئەڕای بوو.

لەم ڕستانەی سەرەوە، دەشێت ئەو مەرجانەی تێیاندایە بەدی بێن یان نە، لەوانەیە کاربکەن یان نە،ژنێ تر بخوازێ یان نە. بەگشتی ئەو مەرجە لەم جۆرە رستەی مەرج _ە، دەشێت جێبەجێ بێت یان نە.

کات (دەمی) کار لە رستەی مەرجدا (١)

| | دەمی کاری پارستە _ | دەمی کاری شارستە |
|---|---|---|
| ا. | ئێستای سادە | ئێستای سادە |

١.   ئەگەر خەفي ،  جی ئەرات خەمەوە.

ب.  ئێستای سادە  فەرمان

٢.  ئەگەر شەکەتە،  بیلا بخەفێ.

ج.  ئنشائی سادە  ئێستای سادە

٣.  ئەگەر کاربکەن ، دەوڵەمەن بوون.

د_  رابردووی سادە  ئنشائی سادە

٤.  ئەگەر هاتن ،  خەوەرم بکەین.

هـ_  رابردووی سادە  فەرمان

٥.  ئەگەر هاتن،  خەوەرم بکەن.

و_  رابردووی دووری تەواو  فەرمان

٦.  ئەگەر خەفتبوو  ئەڵستەی

ز_  رابردووی دووری تەواو  ئنشائی سادە

٧.  ئەگەر کەفتبوو  راسیەوە بکەی.

ح_  رابردووی نزیك  فەرمان

٨.  ئەگەر کەفتگە،  سەر لێ بدە.

ط_  رابردووی نزیك  ئنشائی

٩.  ئەگەر کەفتگە،  سەر لێ بدەی .

ب_ ئەو مەرجەی کە جێ بەجێ نابێت

١.  ئەگەر ژنی تر بخوازیا، مناڵ ئەڕای بوو.

٢.  ئەگەر کار بکردان ، دەوڵەمەن بوون.

٢. ئەگەر بهاتابوون، ئێرنگە خەوەرمان کردبوون.

ئەو مەرجانەی لەم ڕستانەدان، هەرگیز بەدینایەن، نە ئەو ژنی تر خوازییەو، نە ئەوان کارکردوون و، نە ئەوانیش هاتوون، نەیش منالْ بۆی دەبێت، نەبش دەوڵەمەن دەبن و، نەبش خەوەرمان دەکەن. کوڵ و بڕ، ئەو مەرجانە هەرگیزاو هەرگیز نایەنە دی.

**کات (دەمی) کار لە رستەی مەرجدا (ب)**

ا. ئنشائی ڕابردووی سادە    ڕابردووی سادە

١. ئەگەر ژنی تر بخوازیا،    منالْ ئەڕای بوو.

٢. ئەگەر کار بکردان ،    دەوڵەمەن بوون.

ب. ئنشائی ڕابردووی دووری تەواو    ڕابردووی دووری تەواو

١. ئەگەر بهاتابوون ،    ئێرەنگە خەوەرمان کردبوون.

٢. ئەگەر خەوەریان بکردابوون،    ئێرنگە هاتبوون.

تێبینی: ا_ دەتوانین رستەی مەرج دروست بکەین بەبێ ئامرازی مەرج:

١. کاربکە، دەوڵەمەن بووی.

٢. زۆ بچیاین، رەسین وە پیان (دا)ا.

ئەم ڕستانە، رستەی مەرجن، هەرچەندە ئامرازی مەرجیان تێدانییە، بەم جۆرەیە:

١. ئەگەر کاربکەی .....    ٢. ئەگەر زۆ بچیاین .....

ب_ دەتوانین رستەی مەرج پاش و پێش بخەین، وەك:

١. ئەگەر کاربکەن، دەوڵەمەن بوون .

٢. دەوڵەمەن بوون ئەگەر کاربکەن.

١. ئەگەر ژنێ تر بخوازێ، منالْ ئەڕای بوو .

٢. منالْ ئەڕای بوو ئەگەر ژنێ تر بخوازێ.

ج_ ئەو کارانەی کە لە (ا) هەرچەندە لەچەشنی ڕابردوون، بەلاّم واتای دەمی ئێستاو داهاتوو دەبەخشێت:

ئەگەر هاتن، خەوەرم بکەن، واتا ئەگەر لەمەودوا بیێن، بەم جۆرە ئەوکارانە دەمی ئێستاو داهاتوو دەبەخشن.

# پێرست


١_ پێشەکی.
٢_دوانێك دەربارەی زمانی کوردیو زاری کەڵهوڕی.
٣_ئەلف و بێ.
**بەندی یەکەم : بەشەکانی ئاخاوتن**
ا. ناو
ا. ناو لەڕووی چەشنەداوە:
١_ ناوی بەرجەستە (مادی).
٢_ناوی معنوی.
ب. ناو لە ڕووی دارشتنەوە:
١. ناوی سادە.
٢. ناوی داڕێژراو.
٣. ناویلێکدراو.
٤. ناوی ئاوێتە
ج.ناو لە ڕووی تاك و کۆ_وە:
١_ بژمار (معدود).
٢_ نەژمار (غیر معدود).
د. ناو_ کۆکردن :
ه. ناو_ ژمارە و ژمێرراو.
و.ناو : ناسیاو و نەناسیاو.
ز. ناو :زایندە.
_ ئەرکی ناو
ب. ڕاناو:
١. ڕاناوی کەسی.
٢. ڕاناوی هەیی.

٣. ڕاناوی خۆیی.
٤. ڕاناوی نیشانەکردن.
٥. ڕاناوی نادیار.
٦. ڕاناوی پرسیار.
٧. ڕاناوی پێوەندی.
٨. ئەرکی ڕێزمانیی ناو.

ج. ئاوەڵناو :

١. ئاوەڵناو لە ڕووی داڕشتنەوە:

ا. ئاوەڵناو سادە.
ب. ئاوەڵناو داڕێژراو.
ح. ئاوەڵناوی لێکدراو.
د. ئاوەڵناوی ئاوێتە.

٢. ئاوەڵناو لە ڕووی چەشنەداوە:

ا. ئاوەڵناوی چۆنیەتی.
ب. ئاوەڵناوی چەندیەتی.
ج. ئاوەڵناوی دابەشکردن.
د. ئاوەڵناوی پرسیار.
هـ. ئاوەڵناوی نیشانەکردن.
و. ئاوەڵناوی نیسبی.
ز. ئاوەڵناوی کار.
ح. ئاوەڵناوی پلە.

د. کـــار:

١. کار لەڕووی داڕشتنەوە.
٢. کار لە ڕووی هێز_ەوە.
٣. کاری کارا دیارو کاری کارا نادیار.
٤. کار لە ڕووی چەشنەداوە.
٥. کار لە ڕووی کاتەوە.
٦. کار لە ڕووی ئەرك_ەوە.

٧. کار _ ڕووالّەت.

٨. کار _ واژە.

٩. کار _ گەردان:

ا_ کار_ گەردان: کاری بناغەیی.

ب_ کار _ گەردان: ڕیزپەڕ و ناتەواو.

**ه.ئاوەڵکار:**

١. **ئاوەڵکار _ دارشتن:**

ا. ئاوەڵکاری سادە.

ب. ئاوەڵکاری داڕێژراو .

ج. ئاوەڵکاری لێکدراو.

د. ئاوەڵکاری ئاوێتە.

٢. **ئاوەڵکار _ چەشن:**

ا. **ئاوەڵکار لە ڕووی واتاوە:**

١_ ئاوەڵکاری چۆنیەتی.

٢_ ئاوەڵکاری کات.

٣_ ئاوەڵکاری شوێن.

٤_ ئاوەڵکاری پلە.

ب.**ئاوەڵکار لە ڕووی وەزیفەوە:**

١_ ئاوەڵکاری پرسیار.

٢_ ئاوەڵکاری تأکید.

٣_ ئاوەڵکاری نەفی.

٤_ ئاوەڵکاری پێوەند.

٥_ ئاوەڵکاری چەندیەتی.

شوێنی ئاوەڵکار لە ڕستەدا.

و. پریپۆزیشن.

ز. ئامرازی پێوەندی.

ح. سەرسووڕمان.

**بەندی دووەم: دەنگسازی**

١. دەنگی کۆنسۆنانت.

٢. دەنگی بزوێن.

٣. دەنگی کپ.

٤. دەنگی دەنگدار.

٥.دەنگی قەڵەو و لاواز.

٦. هێز.

٧. بڕگە.

٨ . وەستان و هاماج.

٩. فرتاندن.

١٠. گۆڕین.

١١. دزەکەر.

**بەندی سێیەم : وشەسازی**

بەندسازی:

١_ پێشبەند.

٢_ ناوبەند.

٣_ پاشبەند

ا.نـــاو:

ا. ناوی داڕێژراو .

ب. ناوی لێکدراو.

ج. ناوی ئاوێتە

ب.ئـاوەڵناو:

ا. ئاوەڵناوی داڕێژراو.

ب. ئاوەڵناوی لێکدراو.

ج. ئاوەڵناوی ئاوێتە.

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٤ی
## بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری

| ز | ناوی کتێب | نووسەر / وەرگێر | جۆری کتێب | جۆری چاپکردن |
|---|---|---|---|---|
| ٢١٩ | گەشتی کوردستان | گەلاوێژ | رۆمان | چاپکردن |
| ٢٢٠ | ژیلەمۆی گەرمیان | شێخ سەعید شاکەلی | بیرەوەری | چاپکردن |
| ٢٢١ | باڵندەکانی بەرباران | نەجات نوری – ئاکۆ کەریم | چیرۆك | چاپکردن |
| ٢٢١ | رەشەبای ژەهرو ئەنفال / بەشی دووەم | عەبدوڵا کەریم مەحمود | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٢٢ | پیری کێوان | مەولود ئیبراهیم حەسەن | چیرۆك | چاپکردن |
| ٢٢٣ | دالفرق في التاریخ | محەمەد جەمیل رۆژبەیانی | مێژوویی رامیاری | چاپکردن |
| ٢٢٤ | جریە چریی ئەودیو ئازادییەکانی ژن | جەبار سابیر | کۆمەڵێ ووتار | چاپکردن |
| ٢٢٥ | دیاری کوردستان | ئا/ ئەحمەد بارەز | رۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٢٢٦ | كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية ؟ | خالید دلێر | مێژووی - رامیاری | چاپکردن |
| ٢٢٧ | مهابادو کورتە مێژوویەك | عومەر باڵەکی | مێژووی | چاپکردن |
| ٢٢٨ | ناسیونالیزمو ناسیونالیمی کوردی | جەعفەر عەلی | رامیاری | هاوکاری |
| ٢٢٩ | شەبۆلێکی گەورە لە گوندێکی بچوکدا | پێشرەو ئەحمەد | رەخنە | چاپکردن |
| ٢٣٠ | بیبلۆگرافیای چاپوبڵاوکردنەوە | ئەکرەم محەمەد | بیبلۆگرافیا | چاپکردن |
| ٢٣١ | ناتوانن پەیڤەکانم زیندانی بکەن | فەهمی قەرەداغی | بابەتی رۆژنامەوانی | چاپکردن |
| ٢٣٣ | لە شنروێوە بۆ.. | حەمەی فەرەج | بیرەوەری | چاپکردن |
| ٢٣٤ | گۆڤاری تێکست/٢ | وەزارەتی رۆشنبیری | گۆڤار | چاپکردن |
| ٢٣٥ | بەسەرهاتی نیدی | مژدە محەمەد | منداڵان | چاپکردن |
| ٢٣٦ | ئاواز گەلی کوردی | دڵشاد سەعید | مۆسیقا | چاپکردن |
| ٢٣٧ | رۆشنبیرەکان | فوئاد تاهیر | رۆشنبیری | چاپکردن |
| ٢٣٨ | خەونی سەربەخۆیی .. | عەتا قەرەداغی | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٣٩ | کۆمەڵگەی داخراو | ئاسۆ جەبار | لێکۆڵینەوە | چاپکردن |
| ٢٤٠ | كركوك الجريحة | ئەحمەد رەشید بیبانی | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٤١ | فەرهەنگی شانۆیی | کامەران سوبحان | فەرهەنگ | چاپکردن |
| ٢٤٢ | حیکایەتەکانی ئەنفال | تەها سلێمان | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢٤٣ | رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ.. | محەمەد دلێر | رۆژنامەگەری | چاپکردن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٤٤ | دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو | کەمال رەئووف محەمەد | لێکۆڵینەوە | چاپکردن |
| ٢٤٥ | میحرابی سێشەممە رۆمانسییەکان | دانا عەسکەر | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢٤٦ | بزووتنەوەی شعوبیەت | سەلام عەبدولکەریم | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٤٧ | مامۆستا عەزیز زیانێکی پاك و شەهیدی دەستێکی ناپاك | ئا/ محەمەد عەبدولکەریم | بیرەوەری | چاپکردن |
| ٢٤٨ | حزب الديمقراطي الكردستاني حركة قومية الكردية | د. شیرکۆ عبدالله | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٤٩ | جەمال تاهیر قارەمانی شۆڕش و زیندان | ئا/ محەمەد سۆڵەیی | بیرەوەری | چاپکردن |
| ٢٥٠ | پیر شالیار | حەمە کەریم هەورامی | رۆمان | چاپکردن |
| ٢٥١ | شانۆکاری کورد لەمێژوویای ئەزموونگەریدا | بورهان قەرەداغی | لێکۆڵینەوەی شانۆی | چاپکردن |
| ٢٥٢ | سێ دەسەڵات | سالار ئیسماعیل | کورتە چیرۆك | چاپکردن |
| ٢٥٣ | جەربەزە | سالح محەمەد ئەمین | کورتە چیرۆك | چاپکردن |
| ٢٥٤ | ئەفوەن و ئەفسانە | فازل کەریم | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | چاپکردن |
| ٢٥٥ | کاتم نییە بۆ شێتی | ئەرخەوان | چیرۆك | چاپکردن |
| ٢٥٦ | بەرهەمە کوردییەکانی جەبار جەباری | سمکۆ جەباری | رۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٢٥٧ | بیبلۆگرافیای نووسینەکانی هەڤاڵ مام جەلال | ئا/ دلێر ئەحمەد | بیبلۆگرافیا | چاپکردن |
| ٢٥٨ | تێکست | چاپ و بڵاوکردنەوە | گۆڤار | چاپکردن |
| ٢٥٩ | الخاتم | محيي‌الدين زەنگەنە | شانۆگەری | چاپکردن |
| ٢٦٠ | ئاوێنەم شکاند | کەژاڵ ئەحمەد | شیعر | چاپکردن |
| ٢٦١ | الشبك الكرد المنسيون | ئەحمەد شەوکەت | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٦٢ | رابەری رۆژنامەگەری نهێنی... | نەوزاد عەلی | رۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٢٦٣ | پزیشکی ڤێتێرینەری | فەرەیدون عەبدولستار | زانستی | چاپکردن |
| ٢٦٤ | جینۆسایدو کالبونەوە | لەتیف فاتح | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٦٥ | فاتە | رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی | رۆمان | چاپکردن |
| ٢٦٦ | الحركه القوميه التحرريه الكرديه | د. کاوس قەفتان | رامیاری | چاپکردن |
| ٢٦٧ | لەشنرۆ تۆوەبۆ سۆکهۆڵم | حەمەی فەرەج | بیرەوەری | چاپکردن |
| ٢٦٨ | پاراسایکۆلۆجی | جەبار عوسمان | زانستی | چاپکردن |
| ٢٦٩ | مع صرخات الأطفال | حامید بەدرخان | شیعر | چاپکردن |
| ٢٧٠ | رۆڵی حەسەن زیرەك لە.... | زۆزك ئەحمەد-زاهیر محەمەد | توێژینەوە | چاپکردن |
| ٢٧١ | چەند لەکۆڵینەك دەچیرۆکن... | جەمیل محەمەد شیلازی | توێژینەوە | چاپکردن |
| ٢٧٢ | سیاسیانی ئەدیب | فەرەیدون پێنجوێنی | ئەدەبی | چاپکردن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧٣ | تاخەو داڵەگیرسێ بنور | رۆژ هەڵەبجەیی | شیعر | چاپکردن |
| ٢٧٤ | زریانو زایەڵەوزنار | ئەنوەر قادر محەمەد | شیعر | چاپکردن |
| ٢٧٥ | حەوت دەقی شانۆیی | گەزیزە عومەر عەلی | شانۆگەری | چاپکردن |
| ٢٧٦ | مێژووی کوردو کوردستان | شوکرڵڵای بابان | مێژوویی | چاپکردن |
| ٢٧٧ | لدي اسئلة كثيرة | يوسف ابو فوز | سياسى | چاپکردن |
| ٢٧٨ | تەعریبی کەرکوك | شۆرش حاجی | سياسى | چاپکردن |
| ٢٧٩ | یاقوتو زمرروتی کوردی | حسین محەمەد عەزیز | ئەدەبی | چاپکردن |
| ٢٨٠ | ساڵنامەی کۆمەڵەی زیندانیە سیاسییەکان | فەتاح ئەمین عەزیز | ساڵنامە | چاپکردن |
| ٢٨١ | پڵنگو ئەنەرەکە | و.نوری سەعید قادر | منداڵان | چاپکردن |
| ٢٨٢ | بەتەنیا جێم مەهێڵن | عەلی عابدی | مۆزیك | چاپکردن |
| ٢٨٣ | بوونو گەردوون | عەزیز جەلال | زانستی | چاپکردن |
| ٢٨٤ | گۆرانی میللی کوردی ناوچەی بەریفان | جمیلە جمیل | مۆزیك | چاپکردن |
| ٢٨٥ | چەند بابەتێن دیروکی د سەرانا دیروکیا کوردی | د. سەلاح هرووری | مۆزیك | چاپکردن |
| ٢٨٦ | پەردەکەی تەرواده | و. نوری سەعید قادر | منداڵان | چاپکردن |
| ٢٨٧ | دورگەی لینکەرز | و: نوری سەعید قادر | منداڵان | چاپکردن |
| ٢٨٨ | تینکەرز جولیاره | و: نوری سەعید قادر | منداڵان | چاپکردن |
| ٢٨٩ | ئینسکلۆپیدیا چییە | کەمال جەلال غەریب | زانستی | چاپکردن |
| ٢٩٠ | بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی | بوار نورەدین سابیر | بیبلۆگرافیا | چاپکردن |
| ٢٩١ | دیوانی کاکەی فەللاح | بنەماڵەی شاعیر | شیعر | چاپکردن |
| ٢٩٢ | دنیا بینینەکانی هونەری شێوەکاری کوردی | بختیار سعید | شێوەکاری | چاپکردن |
| ٢٩٣ | محمد پاشای رەواندز | ئەحمەد سەید عەلی | مێژوویی | چاپکردن |